https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2362.28

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# چوارچێوەی یاسایی بۆ ڕێکخستنی ناوچە ئازادەکان لە هەرێمی کوردستان

پ.ی.د. طالب برايم سلێمان حازم عزيز خضر

فاکەلتی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران.

talib.sulaiman@soran.edu.iq hak119h@law.soran.edu.iq

.

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە تیشکدەخاتە سەر چوارچێوەی یاسایی پێویست بۆ دروستکردنی ناوچە ئازادەکان لە هەرێمی کوردستان. لەبەر گرنگیی ئەو ناوچانە لەسەر پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووریی بەردەوام. هەڵبەتە ناوچە ئازادەکان ڕووبەرێکی جوگرافیی دیاریکراون و لەژێر چاودێریدان، جا ئەو ڕووبەرانە لە مینای دەریاکان دروستکرابن یان مینای ئاسمانی یان وشکانی، لەم ناوچانە چەندین چالاکیی بازرگانیی جیاواز ئەنجامدەدرێن کە بە قازانج و سوود بۆ وڵاتی میواندار دەشکێتەوە، هەروەها شوێنێکن بۆ هەڵگرتنی کاڵا، ئەو کاڵایانەیە لە بنەڕەتدا بێگانەن بە ئامانجی دووبارە هەناردەکردنەوەیان یان ئەنجامدانی هەندێک کرداری زێدەکی لەسەریان. ئەم توێژینەوەیە میتۆدی شیکاری و بەراوردکاری بەکارهێناوە بە مەبەستی تیشکخستنەسەر بابەتی چوارچێوەی یاسایی بۆ دروستکردنی ئەو ناوچانە لە هەرێمی کوردستان. و توێژینەوەکە گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە هەرێمی کوردستان ژینگەیەکی لەباری هەیە بۆ دروستکردنی ئەم ناوچانە بە تایبەتی لە سێگۆشەی نێوان عێراق و سوریا و تورکیا، بەڵام هیچ چوارچێوەیەکی یاسایی نییە بۆ ڕێکخستنی ئەم ناوچانە، هەر بۆیە پێشنیازدەکات لە کاتی داڕشتنی یاسای نوێی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان ئەو چوارچێوە یاساییە بەهەند وەربگیرێت و لەبەرچاوبگیرێت.

**وشە کلیلییەکان:** وەبەرهێنان، ناوچە ئازادەکان، هاندان، سەرمایەی بێگانە، ڕووبەری جوگرافی

## چوارچێوەی یاسایی بۆ ڕێکخستنی ناوچە ئازادەکان لە هەرێمی کوردستان

### ١_ پێشەکی

بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهان بە دوای بەدەستهێنانی کۆمەڵێک ئامانجی جیاواز دەگەڕێن لە دروستکردنی ناوچەی ئازاد لە ڕاکێشانی وەبەرهێنان بەوەی کە جووڵێنەرێکی داینەمیکی ئابوورییە، بوونی ناوچە ئازادەکان بە هۆکارێک دادەندرێت لەو هۆکارانەی کە وڵاتان پەنای بۆ دەبەن (بە تایبەت وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان) بۆ ڕاکێشان و هاندانی وەبەرهێنانی بیانی و نیشتمانی، بە فاکتەرێکی کاریگەر هەژماردەکرێت بۆ ڕاکێشانی سەرمایەی بێگانە و دراوی قورس بۆ ناوەوەی وڵات، و وەرگرتن و پیادەکردنی پسپۆڕی هونەری و کارگێڕی، زیادکردنی قەبارەی هەناردەکرن لەسەر حسابی هاوردەکردن، و نەهێشتنی ڕێژەی بێکاری، وەجوولەخستنەوەی بازاڕی ناوەخۆ و چەندین سوودی تر کە لە کۆتاییدا کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر پرۆسەی گەشەی ئابووریی وڵات، هەرێمی کوردستانیش چۆتە ناو کێبڕکێی جیهانی بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە، بۆ ئەم مەبەستەش یاسای وەبەرهێنانی ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٦ داڕشتووە، چەندین پاڵنەری گرنگی خستوتە بەردەم وەبەرهێنەران بە تایبەتی بیانییەکان بۆ ئەوەی کاری وەبەرهێنان لە هەرێم بکەن، بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژەکردنە لەم یاسایە ڕێکخستنی تایبەت بە ناوچە ئازادەکان نەکراوە لەگەڵ هەموو ئەو گرنگییانەی کە ئەو ناوچانە دەیبەخشنە ئابووریی وڵاتی میواندار.

### ١.١. گرنگیی توێژینەوە

گرنگیی توێژینەوە خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە لێکۆڵینەوە لە بابەتێکی هەرە گرنگ دەکات لە بواری بازرگانی و وەبەرهێناندا، کە ڕۆڵێکی زۆر

گرنگ دەگێڕێت لە بەرەوپێشبردنی ئابووری و پیشەسازیی وڵات. بە تایبەتی کەوا لە پلانی حکوومەتی هەرێمدایە یەکێک لەم ناوچانە لە ناوچەی جوگرافی (ئیبراهیم خلیل) سنووری نێوان عێراق – سوریا- تورکیا بنیادبنێت، و دروستکردنی ناوچەی ئازاد پێویستی بە چوارچێوەیەکی یاسایی تۆکمە هەیە، هەر بۆیە لەم توێژینەوەدا جەخت لە گرنگیی ڕێکخستنی یاسایی ئەو ناوچانە دەکاتەوە لە هەرێمی کوردستان، و بە پێشچاوڕوونییەکی گرنگ هەژماردەکرێت بۆ لایەنی پەیوەندیدار بە بابەتەکە، ئەمە جگە لەوەی کە بە زمانی کوردی نووسراوە و زێدەکی نوێیە بۆ کتێبخانەی یاسایی هەرێمی کوردستان، کە پێویستییان بەم جۆرە توێژینەوانە هەیە.

## ١. ٢. ئامانجی توێژینەوە

ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە بریتییە لە شیکردنەوەی چەمکی ناوچە ئازادەکان، دیاریکردنی تایبەتمەندیی ناوچە ئازادەکان، تیشک خستنە سەر ئامانجەکانی ناوچە ئازادەکان و دیاریکردنی چوارچێوەی یاسایی بۆ ڕێکخستنی ناوچە ئازادەکان لە هەرێمی کورستان.

## ١. ٣. کێشەی توێژینەوە

لەم دواییانەدا کێبڕکێ وڵاتان بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆ گەیشتۆتە لوتکە، پاش ئەوەی درک بە گرنگیی ئەو جۆرە وەبەرهێنانە کراوە لەسەر ئابووریی وڵاتی میواندار، چ لە ڕووی پتەوکردنی ژێرخانی ئابووری بێت یان ڕاکێشانی سەرمایەی بێگانە و دراوی قورس، یان زانست و زانیاریی تەکنەلۆجی و پێگەیاندنی کادیرانی نیشتمانی یان نەهێشتنی ڕێژەی بێکاری... هتد، ڕاکێشانی ئەو جۆرە وەبەرهێنانە بە دوو ڕێگا ئەنجامدەدرێت؛ یەکەمیان، لە ڕێگەی وەبەرهێنانی ئاسایی و داڕشتنی یاسای تایبەت لەم بوارە کە هانی

وەبەرهێنەرەکان دەدات کە ڕووبکەنە وڵاتی  میواندار و بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە سێکتەرەکانی کە وڵاتی  میوان پێویستی پێیەتی، یان لە ڕێگەی وەبەرهێنان لە ناوچەی ئازاد، کە ئەمەیان کاریگەریی زیاتری هەیە لەسەر پەرەپێدانی ئابووریی وڵاتی میواندار لە جۆری یەکەم. کێشەی ئەم توێژینەوە لەمەدا بەدەردەکەوێت کە هەرێمی کوردستان کەشێکی لەباری هەیە بۆ دروستکردنی ئەم جۆرە ناوچانە کەچی لەگەڵ درککردن بە پێویستیی ئەو ناوچانە، هەنگاوی پێویست نەنراوە بۆ دروستکردنیان، هەروەها چوارچێوەیەکی یاسایی گونجاو نییە بۆ ڕێکخستن و بنیادنانیان، بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات کێشەی ڕێکخستنی یاسایی ئەو ناوچانە لە هەرێمی کوردستان چارەسەربکات.

### ١. ٤. میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە میتۆدی شیکاری بەستووە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ناوچە ئازادەکان، تایبەتمەندییەکان، ئامانجەکانی و ڕێکخستنی یاسایی ئەو ناوچانە لە هەرێمی کوردستان، هەروەها میتۆدی بەراوردکاریشمان بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە چارەسەری گونجاو بۆ کێشەی توێژینەوە، ئەو یاسایانەی کە لەم میتۆدەدا بەکارهێنراون:- یاسای وەبەرهێنانی میسریی ژمارە (٧٢) ی ساڵی ٢٠١٧ هەموارکراو، یاسای وەبەرهێنانی  ئەردەنی ژمارە (٣٠) ی ساڵی ٢٠١٤ هەموارکراو، یاسای وەبەرهێنانی عێراقی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ هەموارکراو، و یاسای وەبەرهێنانی کوردستانی ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٦.

### ١. ٥  پلانی توێژینەوە

بۆ تیشکخستنەسەر بابەتی (چوارچێوەی یاسایی بۆ ڕێکخستنی ناوچە ئازادەکان لە هەرێمی کوردستان) بە پێویستمان زانی ئەم

تویژینەوەیە دابەشبکەین بۆ دوو تەوەرە، تەوەرەی یەکەم تەرخانکراوە بۆ دیاریکردنی تێگەی ناوچە ئازادەکان و تایبەتمەندییەکانی، هەرچی تەوەرەی دووەمیشە تیشک خراوەتە سەر ڕاڤەکردنی سیستەمی یاسایی بۆ بونیادنانی ناوچە ئازادەکان لە هەرێمی کوردستان.

## تێگەی ناوچە ئازادەکان و تایبەتمەندییەکانی

تێگەی ناوچە ئازادەکان بەپێی تێپەڕبوونی کات پەرەیسەندووە، دوای ئەوەی کە لەسەر ڕووبەری بچووک لە شوێنە لابەلایەکان لەسەر سنوور دروستدەکران دواتر ڕووبەرەکەی فراوانبوو تا وایلێهات شارێکی تەواو لەخۆبگرێت، هەروەها هەندێک لە ناوچە ئازادەکان لە ناو وڵات دروستبوون دوای ئەوەی کە ئامانج لە دروستکردنیان لە سەرەتاکان (گلدانەوە و چالاککردنی بازرگانی تێپەڕیو بوو) دواتر بۆ ئەوەی ببێتە کرداری پیشەسازی سادە زیاتر پەرەیسەند، پاشان کار گەیشتە ئەوەی کە پیشەسازی گەورە لەخۆبگرێت (فضیلة، ٢٠٠٣، ١٣)، بە مەبەستی زانینی میتۆدی تێگەیی بۆ ناوچە ئازادەکان پێویستە بوەستین لە هەمبەر پێناسە و تایبەتمەندییەکانی ناوچەی ئازاد، ئەمەش لە ڕێگەی دابەشکردنی ئەم تەوەرەیە بۆ دوو لق. لە لقی یەکەم، پێناسەی ناوچە ئازادەکان دەکەین. لقی دووەمیش تەرخانکراوە بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی ناوچە ئازادەکان وەکو ئەمەی خوارەوە:-

### ١.٢. پێناسەی ناوچە ئازادەکان

لەگەڵ زۆربوونی ناوچە ئازادەکان و بەرەوپێشچوونیان، تاوەکو ئێستا پێناسەیەکی دیاریکراو و یەکلاکەرەوە بۆ ئەم زاراوەیە نییە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەریەکێک لە یاساناسان و یاسادانەران و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لە ڕوانگەی خۆیانەوە سەیری چەمکەکە دەکەن، پێناسەکان جیاوازییان هەیە بەپێی ئامانجەکانی (ڕامیاری،

کۆمەڵایەتی و ئابووری) لە هەر وڵاتێک، و بەردەوام بیرۆکەکە لە پەرەسەندندایە بەگوێرەی پەرەسەندنی چەندایەتی و چۆنایەتیی ناوچەکان، پێویستە هەوڵی پێناسەکردنێکی گشتگیر بدرێت بۆ ناوچە ئازادەکان بۆ ئەوەی کۆمەڵێکی بێسنووری ئەو ناوچانە پێناسەبکات لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە پێناسەیەکی ورد بێت بۆ دوورخستنەوەی ئەو لایەنانەی کە لەگەڵ سیاسەت و هەیکەلیەتی تێکدەگیرێن، کەوا لە ناوچەیەکی جوگرافی و ئابووری دەکات ببێتە ناوچەیەکی ئازاد (Farole، ٢٠١١،٢٤)، هەر بۆیە لەم ڕوانگەیەوە چەند پێناسەیەک دەخەینەڕوو، لە ڕوانگەی بۆچوونی یاساناسان و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و یاسا بەراوردکارییەکان، تاوەکو لە کۆتاییدا بتوانین پێشنیازی پێناسەیەکی گشتکیر بکەین بۆ یاسادانەری هەرێمی کوردستان کە لەگەڵ هەڵومەرجی هەرێمی کوردستان تێڕوانینی بۆ چەمکەکە بگونجێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**یەکەم: پێناسەی ناوچە ئازادەکان لە ڕوانگەی یاساناسان:**

بە بۆچوونی یاساناسێک (بطاهر، ٢٠١٤، ٥) ناوچە ئازادەکان (ناوچەی داخراون و دوورەپەرێزن لەو شوێنانەن کە خەڵک تیایاندا نیشتەجێ نییە، کۆمەڵێک کەلوپەلی قەدەغەنەکراو هاتوچۆی تێدادەکات بەبێ گرتنەبەری ڕێکاری گومرگی)، لە لای یاساناسێکی تر (Krasniqi، ٢٠١٥،١٥) بریتییە لە (بۆشاییەکی ئازادە واتە ملکەچ نییە بۆ ڕسوماتی گومرگی، و ئەم ناوچەیە بەشێکە لە زەویی وڵات، بەڵام وا هەژماردەکرێت کە لە دەرەوەی سنوورە گومرگییەکەیەتی)، یان بریتییە لە (ڕووبەرێکی جوگرافیی دیاریکراو لەژێر چاودێریدان. کاڵایان تیادا هەڵدەگیرێت، جا ئەو ڕووبەرانە لە میناى دەریا دروستکرابن یان میناى ئاسمانی یان وشکانی، کە ئەو کاڵایانەی تێدا دەکرێت کە لە بنەڕەتدا بێگانەن بە ئامانجی دووبارە

هەناردەکردنەوەیان یان ئەنجامدانی هەندێک کرداری زێدەکی لەسەریان) (عاشور، ١٣، ٣).

### دووەم: پێناسەی ناوچە ئازادەکان لە دیدی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان

لەلای خۆشیانەوە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان هەوڵیانداوە پێناسەی ئەم چەمکە بکەن، لە دەستپێک بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە UNEP (United Nations Environment Program) پێناسەی ناوچە ئازادەکانی کردووە بەوەی (کە ناوچەی سنووردار و دیاریکراون لە ناو وڵات کە دەکرێ کەلوپەلی لێ هاوردە بکرێت و لێی دابەزێندرێت و چارەسەربکرێت، هەروەها تێیدا کۆبکرێتەوە، یان تێیدا دروستبکرێت یان دووبارە ڕێکبخسترێتەوە و دووبارە هەناردەکردنی لەگەڵ کۆمپانیاکان کە کۆمەڵە قازانجێکی فراوانی لێ بەرقەرار دەبێت وەک ئاسانکاری لە ڕێکارە کارگێڕییەکان و لێخۆشبوون لە باج و ڕسوماتی هەناردەکردن و هاوردەکردنی مادده خامەکان و ئامێر و پارچەی گۆڕاو و ئامادەکراوەکان، بە شێوەیەکی گشتی ئەو ناوچانە دەکەونە ئەو شوێنە نیشتمانییانەی کە سیفاتی جوگرافیی بازرگانییان تێدایە) (Almeida، ٢٠٢٢).

هەروەها ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی بۆ ئاسانکاری و بەیەکەوە گرێدانی ڕێکاری گومرگی (ڕێکەوتنامەی کیۆتۆی هەموارکراو) (Almeida، ٢٠٢٢) بەم دەقە پێناسەی کردووە: مەبەست لە ناوچەی ئازاد (Free zone) ئەو ناوچەیەیە کە بەشێکە لە هەرێمی وڵات ئاڵوگۆڕی بازرگانی تێیدا ئەنجامدەدرێت، بە شێوەیەکی گشتی هەر کەلوپەلێک بچێتە ناو ئەو ناوچەیە لە دەرەوەی ناوچەی گومرگییە بەو شتانەی کە پەیوەندیدارن بە ڕسومات و باجی هاوردەکردن (اتفاقية كيوتو المعدلة، ٢٠٠٦).

لەلای كۆمەڵەی ئابووری ئەوروپا (European Economic Community), EEC ناوچەی ئازاد چەند بەشێكن لە ناوچەی گومرگی كە جیاوازن لە بەشەكانی تری زەوی لە كاتێك ئەو شتومەكانەی لەوێ داندراون بۆ مەبەستی جێبەجێكردنی ڕەسمی هاوردە و هاموشۆی سیاسەتی بازرگانی هاوردەكردن وا هەژماردەكرێن كە لە چوارچێوەی ناوچەی گومرگیی كۆمەڵگا نییە بە مەرجێك نابێت ڕێگەیان پێ بدرێت دەستاودەستی ئازاد بكەن یان بەپێی ڕێكاری گومرگیی تر بێنە ژوورەوە (لائحة الجماعة الاقتصادية الأوروبية، ١٩٨٨).

بانكی نێودەوڵەتیش ناوچە ئازادە پیشەسازییەكانی وا پێناسە كردووە كە بریتین لە ئەو ناوچانەی بۆ ڕێكخستنی هەناردەكان بەكاردێن، كە بریتین لە ناوچەی پیشەسازیی تەلبەندكراو و تایبەتكراون بە دروستكردن بۆ هەناردەكردن، بوونی مەرجی بازرگانی ئازاد بۆ ئەو كەسانەی تێیدا نیشتەجێن و ژینگەیەكی ڕێكخراو و ئازاد (Madani، ١٩٩). لەلای ڕێكخراوی كاری نێودەوڵەتیش ناوچەیەكن بۆ ڕێكخستنی هەناردەكان و ناوچەی پیشەسازین خاوەن لێخۆشبوونی تایبەت كە بۆ ئەوە دروستكراون سەرنجی وەبەرهێنانی بیانی ڕابكێشن كە مادده هاتووەكان ملكەچن بە پلەیەكی دیاریكراو بۆ چارەسەركردن پێش ئەوەی جارێكی تر هەناردە بكرێن (International Labour Organization، ٢٠٢٠).

**سێیەم: پێناسەی ناوچە ئازادەكان بەگوێرەی یاسا نێوخۆییەكان:**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ عێراق لە دەستپێكدا دەبینین كە لە ساڵی ١٩٩٨ یاسایەكی تایبەت بە ناوچەی ئازادی دەركردووە، بە ناوی یاسای دەستەی گشتی بۆ ناوچە ئازادەكان ژمارە (٣) ساڵی ١٩٩٨، بەڵام ئەوەی تێبینیدەكرێت ئەم یاسایە گرنگی بە بەڕێوەبردنی ناوچەكانی ئازاد دەدات لە عێراق، وەک دامەزراندنی دەستەیەكی گشتی سەرپەرشتیاری ئەو ناوچانە، چۆنیەتی بەڕێوەبردنیان، و ئامانج لە دروستبوونیان... هتد، بەڵام

هەوڵینەداوە کرۆکی چۆنیەتیی ڕێکخستن و پێناسەیەک بۆ ئەو ناوچانە بخاتەڕوو، ئەوەی جێگای باسە لەژێر ڕۆشنایی ئەو یاسایە: (٣) ناوچەی ئازاد لە عێراقدا دروستبوون ئەوانیش (١- ناوچەی ئازاد لە خور الزبیر – البصرە، ٢- ناوچەی ئازاد لە نینوی، ٣- ناوچەی ئازاد لە قائم -الانبار)، و لەم دواییانەشدا یاسایەکی تایبەت بە ناوچە پیشەسازییەکان دەرچوو، کە ئەویش یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩یە، کە ئەرکی ڕێکخستنی یاسایی بۆ دروستکردنی ناوچەی پیشەسازییەکانی گرتۆتە ئەستۆ، و لە ماددەی (١/سێیەم) پێناسەی ئەو ناوچانە دەکات و دەڵێت" ناوچەی جوگرافی دیاریکراون بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دروستدەکرێن، تایبەتمەندن بە جێبەجێکردنی چالاکی و خزمەتگوزاریی پیشەسازی لە دەرەوەی سنووری شارەوانیی بەغدا شارەوانییەکانی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی کە ڕێکنەخراون بە هەرێمەکان". ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم یاسایە نەپرژاوەتە سەر ڕێکخستن و پێناسەکردنی ناوچە ئازادەکان، بەڵکو تەنها باس لە ناوچە پیشەسازییەکان دەکات، هەڵبەتە تێگەی ناوچە ئازادەکان زۆر فروانترە لە تێگەی ناوچە پیشەسازییەکان، چونکە هەر ناوچەیەکی ئازاد دەتوانێت هەموو جۆرە سێکتەرێکی ئابووری لەخۆبگرێت وەکو پیشەسازی، کشتوکاڵ، گەشتوگوزار، زانیاریی هونەری، کاری بانکی ، گەیاندن... هتد.

بەڵام، ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ یاسای گومرگیی عێراقی ژمارە ٢٣ ساڵی ١٩٨٤ی هەموارکراو دەبینین کەوا پانتاییەکی فراوانی تەرخانکردووە بۆ ڕێکخستنی ناوچە ئازادەکان، و پێناسە بۆ ناوچە ئازادەکان دەکات (بەوەی کە چەند بەشێکن لە کەنار یان شوێنی ناوەخۆ لە دەرەوەی ناوچەی گومرگی کە پێویستە سنوورەکان و ڕووبەر و گرێنتییە پێویستەکان پێشکەشبکرێن لە لایەنی وەبەرهێن و ئەو برەی کە پێویستە بدرێتە کارگێڕیی گومرگەکان ساڵانە و کاتی وەبەرهێنان، چۆنیەتیی پاوانکردنی و

شێوازەکانی چاودێری و مەرجەکانی وەبەرهێنان و سیستەمەکەی دیارییکرێن) (قانون الكمارک العراقي، ١٩٨٤).

یاسادانەری میسرڕیش لە چوارچێوەی یاسای وەبەرهێنانی ژمارە (٧٢) ساڵی ٢٠١٧ هەموارکراو لە ٢٠١٩ ڕێکخستنی یاسایی بۆ ناوچە ئازادەکان کردووە، و پێناسەیەکی ڕوونی بۆ ئەو ناوچانە داڕشتووە بەوەی (کە بەشێکن لە هەرێمی وڵات و دەکەوێتە ناو چوارچێوەی سنوورەکانی و ملکەچی دەسەڵاتی کارگێڕیی وڵاتەوە، و لە ڕووی وەرگرتنی باج و گومرگ مامەڵەی تایبەتی لەگەڵ دەکرێت) (قانون الاستثمار المصري، ٢٠١٧).

یاسادانەری ئوردنیش لە ساڵی ٢٠٠٨ یاسایەکی تایبەتی بۆ ڕێکخستنی ناوچە ئازادەکان داڕشتووە بە ناوی یاسای ناوچە گەشەسەندووەکان و ناوچە ئازادەکان ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٠٨، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤ بە دەرچوونی یاسای وەبەرهێنانی ژمارە (٣٠) ساڵی ٢٠١٤ هەموارکراو لە ٢٠٢١، و بەگوێرەی ماددەی (٤٧/ج) ئەم یاسایەی هەڵوەشاندەوە و هەمان ڕێچکەی یاسادانەری میسری گرت، کە دەبێت لە چوارچێوەی یاسای وەبەرهێنان سیستەمی یاسایی بۆ ئاوچە ئازادەکان ڕێکبخرێت، و بڕگەیەکی لە ماددە (٢) تەرخانکرد بۆ پێناسەی ناوچە ئازادەکانی کردووە و دەڵێت (بەشێکن لە زەویی شانشین دیاریکراو و پاوانکراون و تایبەتکراون بۆ چالاکیی ئابووری و بازرگانی وەک هەڵگرتنی کەلوپەل، ئەم ناوچانە لە دەرەوەی چوارچێوەی گومرگین و ئەو شتومەکانەی کە دەکەونە ناوی لەگەڵ چالاکییە ئابوورییەکان وا هەژماردەکرێن کە لە دەرەوەی شانشینن) (قانون الاستثمار الأردني، ٢٠١٤).

**لە هەموو ئەوانەی پێشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە:**

١- ناوچە بازرگانییە ئازادەکان وا ناسراون کە ناوچەی پاوانکراون و لێخۆشبوونی ڕسوماتی گومرگی تێدا بەرقەرارە کە تیایدا شوێنی هەڵگرتن و دابەشکردنی بازرگانی تێدایە و کرداری یان دووبارە هەناردەکردنیان تێدا ئەنجامدەدرێت، و هەیانە واناسێنراوە کە ناوچەی ڕێکخستنی هەناردەکانن ئەوانیش ناوچەی ئازادن کە ئامانجی سەرەکییان بازاڕی دەرەکییە واتە مەرجی بازرگانیی ئازاد بە کۆمپانیاکان لەگەڵ ژینگەیەکی ڕێکخراو و ئازاد پێشکەشدەکات.

٢- بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆر ناوچەی ڕێکخستنی هەناردەکان هەیە: جۆرێکی گشتگیر، کە ناوچەی کراوە بۆ هەموو جۆرە پیشەسازییەکان، و جۆرێکی تر جۆری تایبەتمەندکراو تەنها بە ڕووی چەند کەرتێک و یان بەرهەمێکی دیاریکراو والآ دەکرێتەوە، هەروەها لەم جۆرە ناوچانەش هەندێک جۆری تر دەبینین وەک ناوچەی ئابووریی تایبەت و گشتگیر، بەم جۆرە ناوچانەش دەگوترێت ناوچەی ئابووریی فرەکار، ئەم ناوچانە قەبارەیەکی گەورەیان هەیە لێکدراوی جۆراوجۆری کرداری پیشەسازی و خزمەتگوزاری و دەزگای شارستانی تێدایە و لە هەندێک حاڵەتدا ئەم ناوچانە بەشێکی زۆر یان شارێک یان بەشێکی وڵاتێک لەخۆدەگرن[١].

٣- لە هەموو ئەو پێناسانەی پێشەوە دەتوانین هەندێک لە جیاکارییەکانی ناوچە ئازادەکان هەڵبهێنجین وەک ئەوەی کە زەوییەکی پاوانکراوە، یان حەسارکراوە کە سوود لە سیستەمێکی تایبەت وەردەگرێت سەبارەت بە یاساکانی وڵات واتە ناوچەیەکی دیاریکراوی جوگرافییە، ناوچە ئازادەکان ملکەچی چارەسەرییەکی باجی تایبەتن تیایاندا پەیوەندیدارە بە چالاکییە ئابووری و بازرگانییەکان و هاموشۆکردن تێیدا.

٤- ئەوەی جێگای باسکردنە لێرەدا یاسادانەری کوردستانی لە یاسای وەبەرهێنانی ژمارە (٤) بۆ ساڵی ٢٠٠٦ لە ماددەی (٢)" ئاماژە بەو دەکات کە یاساکە لەسەر هەموو ئەو سێکتەرانە کە ناوی هێناون و ڕیزبەندی بۆ کردوون جێبەجێدەکرێت، لە بڕگەی (٩) ئاماژە بە زاراوەی ناوچە ئازادەکان دەکات "کەواتە وا مەزەندە دەکرێت کە هەموو حوکمەکانی یاساکە وردەکاریی ڕێکخستنی ناوچە ئازادەکان بگرێتەوە، هەروەکوو لە پێشەوە باسی ڕێچکەی هەردوو یاسادانەری میسری و ئەردەنیمان کرد، بەڵام ئەوەی کە جیاکارە لێرەدا یاسای وەبەرهێنانی کوردستانی هیچ بەشێک یان ماددەیەک یان بڕگەیەکی تایبەت نەکردووە بۆ ناساندنی زاراوەی ناوچە ئازادەکان لە هەرێمی کوردستان و چۆنیەتیی بنیادنان و بەڕێوەبردنیان هەروەها پێگەی یاسایی وەبەرهێن و گەشەپێدەری سەرەکی لەو ناوچانە (کە دواتر باسیان لێوەدەکەین)[٢]، هەر بۆیە لێرەدا پێشنیازدەکەین بە زیادکردنی بڕگەیەک لە ماددە (١) کە تەرخانبکرێت بۆ پێناسەکردنی ناوچەی ئازاد لە هەرێمی کوردستان بە سوودوەرگرتن لە هەموو ئەو پێناسانەی کە پێشتر خستمانەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە (ناوچەی ئازاد بریتییە لە ڕووبەرێکی جوگرافیی دیاریکراوە لەناو هەرێمی کوردستان کە ملکەچی هیچ ڕسومێکی گومرگی یان کۆتی هاوردەکرن نابێت دەبێتە هۆی دروستکردنی ژینگەیەکی وەبەرهێنانی جیهانی و زیادکردنی هەناردەکردن و بەدیهێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم و فەراهەمکردنی هەلی کار، بە فاکتەرێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ گەشەسەندنی بازرگانی، خزمەتگوزاری و ئابووریی هەرێم بە شێوەیەکی گشتی).

## ٢.٢. تایبەتمەندیی ناوچە ئازادەکان

لە کاتێکدا ئاراستەکان جیاوازن لەگەڵ بەشێک لە لێخۆشبوون و جیاکاری و تایبەتمەندییە سەرەکییەکان بەپێی جۆراوجۆربوونی

ناوچەکان، لە هەمان کاتدا بەشێک لە ڕووی لێکچوونیش لە تایبەتمەندییەکان هەن لەبەر ئەوە لەوانەیە ئەو پۆلێنکردنە زۆر ورد نەبێت، بەڵام ئاماژە بە پاڵنەری سەرەکیی حکوومەتەکانە لە فراوانکردن و بەرنامەدانان بۆ ناوچە ئازادەکان و هاندانی ئەو کۆمپانیایانەی کە دەیانەوێت وەبەرهێنانی تێدابکەن، ئەوەی جێی سەرنجە تایبەتمەندییەکانی ناوچە ئازادەکان جیاوازن بە جیاوازی جۆری ناوچەکە لە خودی خۆیدا، جا ئیدی بازگانی بێت یان پیشەسازی یان خزمەتگوزاری، تەنها ئەوە نەبێت کە لە چەند شتێکدا هاوبەشن، گرنگترینیان:

**یەکەم: ڕووبەری جوگرافیی دیاریکراو بۆ ناوچەی ئازاد:**

ڕووبەری جوگرافی سنوورەکەیان بە دروستی دیاریکراوە، کە ئەم سنوورە بە گوێرەی دەقێکی یاسایی ڕێکخستنی (تنظيمي) بۆ دەکرێت (قانون الاستثمار الأردني، ١٩٨٤)، جا ئیتر ناوچە ئازادەکە بە یاسایەک دروستبووبێت یان بە مەرسومێکی جێبەجێکاری، و تێیدا ڕەچاوی چالاکیی وەبەرهێنان دەکرێت کە لە داهاتوو لە ناوچەکەدا پێشبکەوێت، ڕەچاوی فراوانخوازییەکانیش دەکرێت کە لەوانەیە لە داهاتوو بێتەسەر قەبارەی وەبەرهێنان لەو ناوچانە (الدبسي، ٢٠٠٦، ٣٥).

**دووەم: ناوچەی ئازاد دابڕاوە لە هەموو هەرێمەکانی تری وڵات لە ڕووی گومرگی:**

دیارە کە ناوچە ئازادەکان دابڕاون لە هەموو هەرێمەکانی تری وڵات تەنها بەو دەروازانە نەبێت کە حوکمی چالاکیی هاتنەناوەوە و چوونەدەرەوە دەگرنەئەستۆ، یانیش دەکرێت دابڕاوبن بە ئامرازی سروشتی وەک ئاو و چیاکان، و مەبەستیش لە دابڕاو، لێرەدا ئەوەیە کە پەیوەندی هەیە بەو مامەڵەی لەگەڵ ناوچە ئازادەکان دەکرێت لە ڕوانگەی گومرگی، بە جۆرێک مامەڵە دەکرێت وەک ئەوەی ئەم ناوچانە لە دەرەوەی

سنووری ولاتدا بن (قانون قانون الكمارک العراقي، ١٩٨٤)، چونکه ئەو کالایانەی کە هاتوونەتە نێو ناوچە ئازادەکان وەک ئەوەی کە لە دەرەوە هاوردە کرابن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، هەروەک چۆن ئەو شتانەش کە هاتوونەتە نێو ناوچە ئازادەکان کاتێ هەناردەدەکرێن بۆ ولات وەک ئەوەیە وایە کە هەناردەی ولاتێکی تر کرابێتن (بلقاسم، مريم، و شهرزاد، ٢٠١٩، ٨٦) .

**سێیەم: سیستەمی باجدانی نەرم:**

یەکێک لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی ناوچە ئازادەکان خۆی دەبینێتەوە لە سیستەمێکی نەرمی باج، کە هەموو ئەوانەی مامەڵە دەکەن و چالاکی ئەنجامدەدەن لە نێو ناوچە ئازادەکان ملکەچن بۆی، ئەم سیستەمە جۆرێ لە ئیمتیاز و سەرپشکی دەبەخشێت لە چوارچێوەی ڕێکارەکانی هاندان لە بواری وەبەرهێنان، بە تایبەتیش لە ڕووی باجەوە، لە چوارچێوەی ئەو ئابوورییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەی کە هەوڵی بەدیهێنانی دەدات، ئەم سەرپشکبوونەش تەنها و تەنها بۆ ئەوە بەکارهاتووە تا وەکوو ئامرازێک بێت بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی و بەگەڕخستنی سەرمایەکەیان لە ناوخۆی ناوچە ئازادەکان (قانون الاستثمار العراقي، **٢٠٠٦).**

**چوارەم: گشتگیریەتی و جیهانیەتی:**

ئەم ناوچە ئابوورییانە کراونەتەوە بۆ هەموو وەبەرهێن و مامەڵەکارێک کە دەیانەوێت پڕۆژەکانی وەبەرهێنانیان لەم ناوچانە دەستپێبکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ولاتەی کە میوانداریی ئەم وەبەرهێنەی کردووە سەیری ئەوە ناکات ڕەگەزنامەی ئەو سەرمایەی کە وەبەرهێنانی پێکراوە لە ناوچە ئازادەکان لەلایەن مامەڵەکارە ئابوورییەکان لە کام شوێنەوەیە (حشيش، ٢٠١٠، ٣٧).

**پێنجەم: یەکاسانی لە مامەڵەکردن لە ناوەوەی ناوچە ئازادەکان:**

لەم چوارچێوەیەدا، هەریەک لە وەبەرهێنەکان یاخود مامەڵەکارە ئابوورییەکان جا بیانی بن یان ناوخۆیی، دەگەڕێنەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە ناوچە ئازادەکەی لێ دروستکراوە (وڵاتی میواندار)، هەردوو چین (بیانی یان ناوخۆیی) هەمان ماف و سەرپشکییان هەیە، هەموو لایەنێک سووددەبینن لە پاڵنەر و دەستەبەرییەکان بەبێ جیاوازی (قانون الاستثمار العراقي، ٢٠٠٦).

**شەشەم: نەبوونی کێشە کارگێڕییەکان:**

مامەڵەکان کە ئەنجامدەدرێن لە ناوچە ئازادەکان سەبارەت بە ڕاییکردنیان ملکەچ نابن بۆ بەربەستە کارگێڕییەکان، بەو پێیەی کە دەبێت ڕێککارە کارگێڕییەکان لە ناوەوەی ناوچە ئازادەکان بە شێوەیەکی خێرا و ساکار ئەنجامبدرێن، بەبێ ئاڵۆزکردن و کێشە دروستکردن لە ڕاییکردنیان (عاشور، ٢٠١٤، ٥-٧).

**حەوتەم: ئازادی:**

ئازادی بە مانای لێخۆشبوونی ماڵی و جیاوکی ئابووری و کارگێڕیی تایبەت لەسەر ئەم ناوچەیە جێبەجێدەکرێت کە ئابووریی ناوەخۆ ئەم جۆرە جیاکارییانەی نییە، و ئەو ئازادییە هاتنی زۆری کەلوپەل و سەرمایە و خزمەتگوزاری و تاک لە نێوان ناوچەکان و ئابووری جیهانی دەگرێتەوە، ئەمە و پێش دیاریکردنی ناوچەکە پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان ناوچەی ویست لەسەر لەگەڵ ناوچەکانی تر، دروستکردنی ئەم ناوچانە دەبێت لەسەر بنەمای ئەو بۆچوون و ئامانجانەبن کە دەویسترێن لە دروستکردنیان، هەروەها دیاریکردنی ئەو ناوچانەش دەبێت لەسەر بنەمای ئەوە بن کە تایبەتمەندییەکانیان دەگونجێن لەگەڵ ئامانجەکان

(Guangwen، **٢٠٢٢)**. لێرەدا دەتوانین بڵێین کە تایبەتمەندییە جیاوازەکانی ناوچە ئازادەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە دیاریکردنی شێوەی ئەو ناوچانە دەبینن، بەمەش بۆمان ڕووندەبێتەوە کە نابێت تەنیا ڕێکاری گومرگی و چاودێریی سووک لەسەر ناوچە ئازادەکان جیاکەرەوەی سەرەکی بن بۆ دروستکردنی ناوچە ئازادەکان لەسەر حسابی ئارامی و ئاسایشی بازرگانی (World Customs Organization، **٢٠٢٠)**.

## ٢ـ جۆرەکانی ناوچە ئازادەکان و ئامانج لە دروستکردنیان

ناوچە ئازادەکان (Free Zone) لە چوارچێوەی ئاڵوگۆڕ و بازرگانی نێودەوڵەتییەکان و گەشەسەندنی ئابووری پانتاییەکی گەورە داگیردەکات، دەتوانین بڵێین کە ئەو ناوچانە هۆکارێکن لەو هۆکارانەی کە وڵاتان بە تایبەتی وڵاتە تازەپێگەشتووەکان پەنایان بۆ دەبەن بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان بە گشتی و وەبەرهێنانی بیانی بە تایبەتی، هەر بۆیە ئەو وڵاتانە لە کێبڕکێ دان بۆ دروستکردن و دامەزراندنی ئەو ناوچانە چەندین ئاسانکاری و پاڵنەر دەبەخشن بە وەبەرهێنەران تاوەکو کاری وەبەرهێنان لەم ناوچانە ئەنجامبدەن بە سیستەمیکی یاسایی تۆکمە کە گەرەنتیی مافەکانیان بکات، ئەوەی جێگای سەرنجە ناوچە ئازادەکان بۆ چەندین جۆر دابەشدەکرێن بەگوێرەی ئامانجی ڕامیاری و ئابووریی وڵاتی دروستکەر، و چەندین ئامانج هەن لە پشت دروستکردنی ئەم ناوچانە، ئەم ئامانجانەش بەپێی وڵات و پێشکەوتنەکانی دیاردەکەون، بۆ زانینی جۆری ناوچە ئازادەکان و ئامانج لە دروستکردنیان ئەم تەوەرە دابەشدەکەین بەسەر دوو بڕگە؛ لە بڕگەی یەکەمدا باس لە جۆرەکانی ناوچە ئازادەکان دەکەین، کەچی بڕگەی دووەم تەرخانکراوە بۆ باسکردنی ئامانجەکانی ئەم ناوچانە وەک ئەمەی خوارەوە:

### ٣. ١. جۆرەکانی ناوچەی ئازاد

کۆمەڵێکی دیار لە شێوە و وەسف بۆ ناوچە ئازادەکان هەن، هەر یەکەیان بەگوێرەی بنەمایەک پۆلینکراون، بەڵام لە ڕاستیدا ناتوانریت جیاوازیی ورد لە نێوان زۆرێک لە ناوچە ئازادەکان بکرێت، چونکە زۆر جار دەچنە ناو یەکتر لە چالاکییە بازرگانییەکانیان، بەڵام بۆ مەبەستی شیکردنەوە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین دابەشیانبکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم: پۆلێنکردنی ناوچە بازرگانییە ئازادەکان لەسەر بنەمای مەبەستی جوگرافی بۆ ئەنجامەکان:**

لەم جۆرە ناوچانە ڕێگە نادرێت شتوومەکە دروستکراوەکان لە ناوچەکە بفرۆشرێن بۆ ناو وڵاتی میواندار، بەڵام دەکرێت فرۆشتنێکی لاوەکی هەبێت لەسەر بنەمای بەش، و نموونەی ئەم جۆرە ناوچانەش کۆماری دۆمینیکانە کە ڕێگە بە کۆمپانیاکان دەدات ڕێژەی (٢٠%)ی بەرهەمە ناوخۆییەکان بفرۆشرێت، هەروەها لە مەکسیکیش ئەو بەشە دیاریکراوە کە دەبێت لە نێوان ڕێژەی (٢٠%- ٤٠%) بێت (Dauglas، ٢٠١٥، ٢-٧).

**دووەم: پۆلێنکردن لەسەر بنەمای جۆراوجۆریی جوگرافی:**

وا دەبیندرێت کە ناوچەی بازرگانی ئازاد لە ئەسڵدا کە ناوچەیەکی بازرگانیی پاوانکراوە، جیاکەرەوەی سەرەکی کە لە ناوچەی بازرگانی ئازادی پاوانکراو دەبیندرێت، ئەوەیە کە هاوردەکردن لە شوێن و دەزگا و ژێرخانی ئابووری و خزمەتگوزاری کوالیتی بەرزتر لە ناوەند ئاسان دەکات، بەڵام ئەو خەوشەی زیاتر جێگەی گرنگییە لێرەدا ئەوەیە کە کاریگەری لە شێوەی (پەیوەندیی پاشخان و گواستنەوەی تەکنەلۆژیا تەنها

له ناوچەکە کورت هەڵدێ و ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ناوچەکە، و جێگرەوە ئەوەیە کە چالاکییەکان تەنها بۆ ناوچە بازرگانییە ئازادەکە نەبێت لە کۆمپانیا دیاریکراوەکان کە دەکەونە ناو پاوانی ناوچەکە، بەڵکوو ڕێگەدانەکە کۆمپانیاکان لە هەر شوێنێک هەبن لەناو وڵاتی میواندار بە سوودوەرگرتن لە حاڵەتەکانی ناوچەی ئازاد، نموونەش بۆ ئەوە کۆمپانیاکانی چارەسەرکردنی هەناردەکان) (FIAS، ٢٠٠٨، ٢٢)

**سێیەم: پۆلێنکردن لەسەر بنەمای موڵکایەتی و کارگێڕیی ناوچەی ئازاد:**

لەسەر بنەمای ئەم پۆلێنە دوو جۆر موڵکایەتی هەن:-

١- **خاوەندارییەتیی گشتی و کارگێڕی:** زۆرینەی ناوچە ئازادە ئاساییەکان و سەرەتاییەکان لە لایەن حکوومەتی وڵاتی میواندار بەڕێوەدەبرێن و زۆربەی کات تەرکیز و بنەمای ئەم ناوچانە زیادکردنی ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانە لە (هەلی کار و ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانیی ڕاستەوخۆ و بەهێزکردنی پیشەسازی و جۆراوجۆرکردن)، و زۆرجار پەنا دەبرێت بۆ تانەگرتن لە موڵکایەتیی گشتیی ئەم ناوچانە لەلایەن وڵاتی میواندار لە ڕووی گرنگینەدانی بۆ ئیدارەی خۆجێیی ناوچەکە و زۆریی ڕۆتین و گەندەڵی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی ناوچە ئازادە گشتییەکان سەرکەوتنی گەورەیان بەدەستهێناوە، نموونەی ئەمەش ناوچەی ئازادی تایوانی و کۆماری کۆریای باشوورە (FIAS، ٢٠٠٨، ٢٢)

٢- **خاوەندارییەتیی تایبەت و کارگێڕی:** ژمارەیەکی زۆر ناوچە هەن کە لە دەستی کەرتی تایبەتدان و چالاکییەکانی ئەو ناوچانەی کە کەرتی تایبەت بەڕێوەیاندەبات خۆی لەمەدا دەبینێتەوە کە زیاتر مەیلی نەرمونیانی و داهێنان دەکەن، و بە شێوەیەکی باشتر ئامادەکاری دەکەن

بۆ ئەوەی لەگەڵ گۆڕانکارییەکان بگونجێن، ئەوەی جێگای سەرنجە ئاراستەی ئابووریی جیهانی وا مەزەندە دەکات کە هاندانی لەو ناوچانە زیادبکرێت کە کەرتی تایبەت بەڕێوەیدەبات، و نموونەی ئەم جۆرە ناوچانە ناوچە ئازادەکانی فلیپین و کینیا و کۆماری دۆمینیکان (Kechichian و Jeong، ٢٠١٦، ١٦).

**چوارەم: پۆلێنکردن لەسەر بنەمای خزمەتگوزاریی پێشکەشکراو:**

لێرەدا جیاوازی پەیوەندیدارە بە کۆمەڵێک خزمەتگوزاری، کە پێشکەشدەکرێت بە کۆمەڵێک ناوچە لە ڕووی (کارگێڕی و دەزگاکان و خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان) ئەم ئاراستەیە وا دەخولێتەوە لە دەوری دروستکردنی ناوچەی ئازاد کە کۆمەڵێک خزمەتگوزاریی تەواو پێشکەش بە کرێگرتەکانی دەکات کە بەردەوام لە پەرەسەندندان لە داهاتوو (White، ٢٠١١، ١٩).

**٣. ٢. ئامانج لە دروستکردنی ناوچە ئازادەکان**

هەموو کات وڵاتەکان بەدوای بەدەستهێنانی ئامانجی جیاواز دەگەڕێن لە دروستکردنی ناوچە ئازادەکان و ئەم ئامانجانە هەڵبەتە لە هۆکاری دارشتنی یاسابەرکارەکان کە تایبەتن بۆ ڕێکخستن پرۆسەی وەبەرهێنان لەم ناوچانە ڕەنگدەدەنەوە (قانون الاستثمار المصري، ٢٠١٧)، و ئەمانەی خوارەوە گرنگترین ئەو ئامانجانەن:-

**یەکەم:** ڕاکێشان و هاندانی سەرمایەی بیانی و ناوخۆیی، بۆ گەشەپێدان و پێشخستنی لایەنە ئابوورییەکان و کۆمەڵایەتییەکان و بنەڕەتییەکان و بەرژەوەندییەکان و ئاسانکارییە خزمەتگوزارییەکان، ئەویش لە ڕێگەی هاندەرە گومرگی و باجییەکان، هەروەها لە ڕێگەی ئەو ئاسانکارییە کارگێڕییانەی کە دەستەبەرکراون لەلایەن ئەو وڵاتەی کە

دروستکەری ناوچەکەیە، لە بەرانبەریشدا ئەمە سیاسەتی بازرگانیی نێودەوڵەتی دەباتە قوڵاییەکان، کە بریتییە لە ڕاکێشانی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان و بەگەڕخستنی وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەخۆ بۆ ئەو ناوچانە (غنية و شهرزاد، ٢٠١٧)

**دووەم:** فەراهەمکردنی هەلی کاری نوێ و بەشداریکردن لە نەهێشتنی بێکاری، ئەمەشیان لە ڕێگەی هێنانەکایەی هەلی کار لە بەگەڕخستنی پیشەسازییەکان و ئەو کۆمپانیایانەی بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە ناوچە ئازادەکان کارەکانیان ئەنجامدەدەن (باعمر، فتوح، ٢٠١٩، ٣٤٣).

**سێیەم:** بەکارهێنانی ناوچە ئازادەکان وەک ئامرازێک بۆ یەکخستنی ئابووریی نیشتمانی لەگەڵ سیستەمی ئابووریی جیهانی، بەو پێیەی وڵاتی میواندار هەموو ئەو پێشکەوتنانەی بۆ دەستەبەر دەبێت کە دێنە ناوچە ئازادەکانی و خۆی دەگونجێنێت لەگەڵیان یەک لە دوای یەک (عوض الله، ٢٠٠٧، ٢٢).

**چوارەم:** خێراکردنی پرۆسەی گەشەسەندنی ئابووری، دەکرێت ئەم ڕۆڵەی ناوچە ئازادەکان تێبینیبکرێت لەو هەڵسانەوەی کە ئابووریی چین بەخۆیەوە بینی (اسماعيل و المنعم، ٢٠١٨، ٤٤).

**پێنجەم:** کارکردن بۆ سوودبینین لە سامانی سروشتیی وڵاتە میواندارەکە (ئەوەی کە ناوچە ئازادەکەی دروستکردووە)، بە جۆرێ کە توانا ماددی و تەکنەلۆژییەکانی وڵاتەکە بەشی ئەوەی نەدەکرد بە شێوەیەکی دروست سوود لەو ماددانە ببینێت (اسماعيل و المنعم، ٢٠١٨، ٤٤).

**شەشەم:** فراوانکردنی بنکەی دروستکردن و گەشەپێدانی هەناردەکردن (الحرازي، **٢٠٠٧، ٤٢).**

**حەوتەم:** بەشداریکردن لە کەمکردنەوەی کورتهێنانی بودجەی پارەدان (المدفوعات) کە وڵاتی میواندار بەدەستیەوە دەناڵێنێت، دیارە ئەمەش لە ڕێگەی زیادکردنی سامانی ناڕاستەوخۆ کە دێتەبوون لەم ناوچانە و خۆی دەبینێتەوە لە زیادکردنی دەرامەت بە ڕێگەی ڕسوماتی کەشتیوانی و هاتوچۆ و دڵنیایی و ڕسوماتی خزمەتگوزاری (الوادي و العساف، بێ ساڵی چاپ، ٢٧٢).

**هەشتەم:** سوودبینین لەو پێگە جوگرافییەی کە وڵاتەکەی پێ جیابووەتەوە، بەوەی کە ناوچە ئازادەکەی دەگۆڕێت بۆ ناوەندێکی بازرگانیی جیهانی، هەناردەکەی بەبازاڕدەکات لە بازاڕی هاوسێکان و نێودەوڵەتی (الحرازي، **٢٠٠٧، ٤٤).**

**نۆیەم:** بەرەوپێشبردن و ڕاهێنان لەسەر دەزگا پیشەسازی و تەکەنەلۆژیا سەردەمییەکان کە شارەزایی دەوێت بۆ کارپێکردنیان، ئەمەش بەوە دێتەدی کە ناوچە ئازادەکان کۆمەڵێک کارگەی سەردەمی لێیە و زۆربەی جار وایە، کە ئەم کارگانە ئامرازی زانستی و تەکنەلۆژیای نوێیان لەگەڵە و دەشیگوازنەوە بۆ ناوچە ئازادەکە (حاتم، ٢٠٠٥، ٧٦).

**دەیەم:** زیادکردنی بەروبووم و پیشەسازیی نیشتمانی؛ هەڵبەتە ئەمەش بە بەشداریکردنی بەرهەمی ناوخۆ دەبێت لە دابینکردنی پێداویستییەکانی پڕۆژەکانی ناوچەی ئازاد، دیارە ئەم دابینکردنە لە ڕێگەی بەرهەمی ناوخۆییەوە دەبێت یاخود بەوە دەبێت کە بەرهەمی ناوخۆ هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی چەند چالاکییەکی تەواوکاری بۆ بەرهەمەکانی ئەم پڕۆژانە (مفتاح، سمينه، ٢٠٠٨، ١٠٧).

**یازدەم:** کردنەوەی سەرچاوەی نوێ بۆ ڕاکیشانی دراوی بیانی؛ لە ڕێگەی خستنەڕووی خزمەتگوزاری، وەک؛ (ڕاژەکانی ڕەگەزی کار، و بەکرێدانی باڵەخانە و خانوو و زەوی، و بەتاڵکردن و بارکردن، و جگە لەوانەش هەموو خزمەتگوزارییەکانی تر کە ئەنجامدەدرێن لە ناوەوەی ناوچەکە بۆ کەسانی تر یاخود لە ڕێگەی هەناردەکردنی ئەو کاڵا و شتومەکانەی کە کۆمەڵێک لە پڕۆژە پیشەسازییەکان هەڵدەستن بە بەرهەمهێانیان) (البساط، ٢٠٠١، ٤٩).

**دوازدەهەم:** فراوانکردنی بازرگانیی دەرەکی لە ڕێگەی ڕاکێشانی بازرگانیی تێپەڕیو (عابرة) بە ناوچە ئازادەکە (ترانزیت)، بۆ ئەوەی ببێتە ناوەندێک کە دووبارە هەناردەکردن بکات بۆ وڵاتە جیاجیاکان، هەروەها مادده سەرەتاییەکان هاوردە بکات و بیانگۆڕێت یاخود بەکاریانبێنێت لە هەندێ قۆناغی پیشەسازی، ئەویش لە قۆناغێک یاخود زیاتر لە قۆناغێکی دروستکردنی ئەم ماددانە جێبەجێ بکرێت (العصار، داود، الشریف، سلمان، ٢٠٠٠، ٤٧).

**سێزدەهەم:** جوانکردنی پەیکەری ئابووریی هەرێمی، ئەمەش بە ئاگاداربوون لە ناوچە تازە گەشەکردووەکان لە ڕێگەی گەشەپێدان بە هەرێمە دواکەوتووەکان، هەموو ئەمەش بە نیشتەجێکردنی کۆمەڵێک پیشەسازی هەڵبژێردراو کە بە زۆری پیشەسازیی داواکراو و پێشکەوتوون، و دەبنە هۆی دروستکردنی ناوەندێکی شارستانی وا کە کێشەی کۆچی ناوەخۆ بۆ شارە گەورەکان کەمدەکاتەوە (عوض الله، ٢٠٢٠، ١).

**چواردەهەم:** ڕاکێشانی وەبەرهێنانە بیانییەکان؛ بەو پێیەی کە ناوچە ئازادەکان کاریگەرییەکی ڕیکلامییان هەیە بۆ هەڵسانەوەی ئابووری، ئەمە دەبێتە هۆی ڕاکێشان و هاندانی وەبەرهێنانی ناوەخۆ و دەرەوەی ناوچە ئازادەکانیش (درویش، ٢٠١٣، ٤١).

**پازدەهەم:** زیادکردنی تای تەرازووی بازرگانی و چەسپاندن و زیادکردنی وەبەرهێنان و دروستکردنی کارگێڕییەکی کارا بۆ هاندانی کۆمپانیاکان بۆ ئەوەی لە ناوچەکە دابمەزرێن، و ناکرێ ئاماژە بەوە نەکەین کە ئامانج لە دروستکردنی ناوچەی ئازاد دەگۆڕدرێت بە گۆڕانی جۆری شوێنی ویستراو بۆ دروستکردن، بەمە دەکرێت ئامانجەکان لە دروستکردنی ناوچەی بازرگانی ڕوونتر بکەینەوە، کە کار لەسەر بەهێزکردن و بەرەوپێشچوونی وڵات دەکات (Mammadov، ٢٠١٦).

### ٣. سیستەمی یاسایی بۆ دروستکردن و بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادەکان لە هەرێمی کوردستان

گرنگیی سیستەمی یاسایی لەوەوە بەدیاردەکەوێت کە یەکێکە لە پێکهاتەکانی ژینگەی وەبەرهێنان کە تێیدا وەبەرهێنان پەرەدەسەنێت کە ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی پەرەسەندنی ئابووریی گشتی، لەبەرئەوە بووەتە جێی گرنگیی وڵاتان بە تایبەت وڵاتانی تازەپێگەیشتوو، بەردەوام چاکسازی لەو سیستەمە دەکەن، و لە ڕێی ئەو سیستەمە یاساییە لێخۆشبوون و هاندان و گەرێنتی و ئاسانکاری لە ڕێکارەکانی مۆڵەت وەرگرتن و دروستکردنی ژینگەیەکی بنچینەیی گشتگیر لە کەرتەکانی گواستنەوە و گەیاندن و زانیاری و،... هتد فەراهەمدەبێت (السامرنی، ٢٠٠٦، ٥٩).

بۆ دیارکردنی سیستەمی یاسایی بۆ دروستکردن و بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادەکان لە هەرێمی کوردستان ئەم تەوەرە دابەشدەکەین بۆ دوو لق؛ لە لقی یەکەمدا باس لە سیستەمی یاسایی بۆ دروستکردن ناوچە ئازادەکان لە هەرێمی کوردستان دەکەین، و لە لقی دووەم جەخت لە سیستەمی یاسایی بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادەکان لە هەرێمی کوردستان دەکەینەوە. وەک ئەمەی خوارەوە :-

### ١.٣ سیستەمی یاسایی بۆ دروستکردنی ناوچە ئازادەکان لە هەرێمی کوردستان

دروستکردنی ناوچەی ئازاد پێویستییەکی هەنووکەیی و گرنگە لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی  ناوچەی ئازادی پیشەسازی، ئەمەش بە مەبەستی کۆکردنەوەی پڕۆژە پیشەسازییەکان لە ژینگەیەکی لەبار و خزمەتگوزاری بۆ دابینکراو وەکو (ناوەندە بازرگانییەکان، پێشانگاکان، ناوەندەکانی دڵنیایی جۆری، پەیمانگاکانی ڕاهێنانی پیشەیی، ناوەندی تەندروستی، شوێنی مانەوەی کرێکارە بیانییەکان، ناوەندی بەرگریی شارستانی، یاریگای وەرزشی و مزگەوت و هەر خزمەتگوزارییەکی تر)، هەڵبەتە ناوچەی ئازاد تایبەت نییە بە سێکتەریکی ئابووریی دیاریکراو بەڵکو کراونەتەوە بۆ هەموو وەبەرهێن و مامەڵەکارێک، کە دەیانەوێت پڕۆژەکانی وەبەرهێنانیان لەم ناوچانە دەستپێبکەن، جا پیشەسازی بێت یان بازرگانی یان کشتوکاڵ یان پڕۆژەکانی ژێرخانی ئابووری و گەشتوگوزار و تەکنەلۆجی، و ئەو وڵاتەی کە میوانداریی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆ دەکات لەم ناوچانە سەیری ئەوە ناکات ڕەگەزنامەی ئەو سەرمایەی کە وەبەرهێنانی پێکراوە ناوخۆییە یان بیانی.

سەبارەت بە ڕێکاری یاسایی بۆ دامەزراندنی ناوچە ئازادەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق"، هەرچەندە لە عێراق دوو یاسای بەرکار لە چوارچێوەی ناوچە ئازادەکاندا هەن کە یەکێکیان بریتییە لە یاسای دەستەی گشتی بۆ ناوچە ئازادەکان ژمارە (٣)ساڵی ١٩٩٨ کە ڕێکخستنی یاسایی بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادەکان دەخاتەڕوو، ئەوەی تریشیان یاسای ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٩ە، کە ئەرکی ڕێکخستنی یاسایی بۆ دروستکردنی ناوچەی پیشەسازییەکانی گرتۆتە ئەستۆ، بەڵام هەردوو یاساکە لە هەرێمی کوردستان جێبەجێناکرێن، چونکە یاسای جێبەجێکردنیان لە پەرلەمانی کوردستانی بۆ دەرنەچووە، ئەمەش بە

پشتبەستن بە بڕیاری پەرلەمان ژمارە (١١) ڕێکەوتی ١٩٩٢/٨/٣١ کە لە بڕگەی دووەم دەڵێت "کار بە ئەحکامی ئەو یاسا و بڕیار و پەیڕەو و ڕێنماییانە ناکرێت، کە لەلایەن دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندییەوە دەرچوون یان لەمەودوا دەردەچن بە تایبەتیش پاش کشانەوەی ئیدارە حکومییەکان لە ١٩٩١/١٠/٢٢ لە هەرێمی کوردستان مەگەر ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بڕیار لەسەر ڕەوایی بەکارهێنانی لەناو هەرێمەکەدا بدات". هەربۆیە پشتدەبەستین بە یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٦ ، بە تایبەتی بە دەقێکی پۆلێنکراوە لە ماددەی (دووەم) کە دەڵێت: "دەبێت بڕگەکانی ئەم یاسایە بۆ ئەو پڕۆژانە جێبەجێبکرێت کە لەلایەن دەسەڵاتەوە لە یەکێک لەم کەرتانەی خوارەوەدان پەسەندکراون:.. ناوچە ئازادەکان، بازاڕە بازرگانییە هاوچەرخەکان و خزمەتگوزارییە ڕاوێژکارییە پەیوەندیدارەکان"' بەڵام ئەوی جێگای سەرنجە یاسای بەرکاری وەبەرهێنانی کوردستانی بە ڕاشکاوانە باسی ئەو لایەنە ناکات، کەوا ئەرکی دامەزراندنی ئەم ناوچانە دەگرێتەئەستۆ بە پێچەوانەی یاسا بەراوردکارییەکان کە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەمان پێکردوون، لە دەستپێک دەبینین یاسای وەبەرهێنانی میسریی ژمارە (٧٢) ی ساڵی ٢٠١٧ ئەرکی دروستکردنی ئەم ناوچانەی خستۆتە ئەستۆی گەشەپێدەری سەرەکی (المطور الرئيسي) کە لە بڕگەی (١٢) لە ماددەی (١) پێناسەی دەکات بەوەی کە بریتییە لە (هەر کەسێکی واتایی کە ڕێگەپێدراوە بە دروستکردنی ناوچەیەکی وەبەرهێنان یان بەڕێوەبردنی یان گەشەسەندنی یان پەرەپێدانی بەگوێرەی حوکمەکانی ئەو یاسایە.

بەڵام بە ڕای ئێمە ئەم یاسایە سەرکەوتوو نەبووە لە دیارکردنی لایەنی بەرپرسیار لە دروستکرنی ئەم ناوچانە، چونکە گەشەپێدەری سەرەکی ناکرێت قەتیسبکرێتەوە لە کەسی واتایی، و دەکرێت کەسێکی واتایی بێت وەکوو کۆمپانیای زەبەلاح کە ئەرکی دامەزرادن بخاتە ئەستۆ،

و دەشکرێت کەسێکی سروشتیش بێت وەک وەبەرهێنی بیانی یان ناوخۆیی کە سەرمایەکەی  لە ئاستێکدا بێت کە ڕێگەی پێبدات بۆ دروستکردنی ئەو جۆرە ناوچانە.

یاسای وەبەرهێنانی ئەردەنی ژمارە (٣٠) ساڵی ٢٠١٤ لە بڕگە (١٤) مادده (٢) ئەرکی دروستکردنی خستۆتە پاڵ گەشەپێدەری سەرەکی، و پێناسەی دەکات بەوەی  ئەو لایەنەیە کە ئەرکی بەڕێوەبردن و گەشەسەندنی هەر ناوچەیەکی پەرەپێدان یان ئازاد دەگرێتەئەستۆ بەگوێرەی  ئەم یاسایە.

لە دیدی ئێمە تێبینی ئەم یاسانە دەکرێت بەوەی کە کەسایەتیی گەشەپێدەری سەرەکی بە شێوەیەکی گشتی باسیکردووە، کەواتە دەکرێت بەگوێرەی ئەو یاسایە کەسێکی واتایی بێت یان سروشتی، سەر بە کەرتی گشتی بێت یان تایبەتی، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئەو ڕەخنەی تێپەڕاندووە کە ئاراستەی یاسادانەری میسریمان کرد.

هەرچی یاسای وەبەرهێنانی عێراقیشە جیاوازیی کردووە لە نێوان دوو گەشەپێدەر، یەکێکیان  تەنها ناوی ناوە  گەشەپێدەر، و پێناسەی کردووە بەوەی  (هەر کەسێکی سروشتی یان واتاییە ڕێگەپێدانی وەبەرهێنانی وەرگرتووە لە پڕۆژە ستراتیژییەکان لە سێکتەرەکانی دروستکردنی شارەکان و ناوچە وەبەرهێنەرەکان یان هەر کەرتێکی تری پەرەپێدان لە دەرەوەی هەیکەلی سەرەکی پێشنیازکراو لە لایەن دەستە بە ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیران)، ئەوەی تریان گەشەپێدەری لاوەکییە ئەویش بریتییە لە (هەر کەسێکی سروشتی یان واتاییە کە بەشێک لە موڵکداریەتی پڕۆژەی وەبەرهێنانی بۆ دەگوازێتەوە بە مەبەستی گەشەپێدانی لە چوارچێوەی شاری گەورەی نیشتەجێبوون یان ناوچە وەبەرهێنەرەکان یان هەر کەرتێکی تری پەرەپێدان...)،

هەرچەندە ڕەخنەمان هەیە لە یاسادانەری عێراقی کە دەبووایە لە جیاتی گەشەپێدەر، گەشەپێدەری سەرەکی بەکارهێنابووایە، چونکە دواتر هەر خۆی پێناسەی گەشەپێدەری لاوەکی دەکات، بەڵام ستایشی دەکەین، لەلایەک کەسایەتیی گەشەپێدەر دیاردەکات، کە دەکرێت کەسی واتایی بێت یان سروشتی، و لەلایەکی تر باس لە ئەگەری ئەوە دەکات کە کاتێک گەشەپێدەری سەرەکی نەتوانێت پرۆژەکە (ناوچەی ئازاد) تەواو بکات جێگرەوەکەی کە گەشەپێدەری لاوەکییە دەتوانێت موڵکداریەتی بەشێکی پرۆژەکە بکات و ڕۆڵی هەبێت لە تەواوکردنی، ئەگەر تووشی بەربەستی نەخوازراو هاتبوو، ببووە هۆکاری تەواونەکردنی، لە لایەکی تر دەبینین یاسادانەر لە یاسای شارە پیشەسازییەکان ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٩ لە هەڵویستی پێشووی خۆی پەشیمانبۆتەوە کە جیاوازی کردووە لە نێوان گەشەپێدەری سەرەکی و لاوەکی، بەڵکو هەردووکیانی وەک کەسی گەشەپێدەر ناساندووە پێناسەی دەکات لە ماددەی (١/ چوارەم) بەوەی کە بریتییە لەو کەسەی کە کار لەسەر دیزاین و بنیاتنان و گەشەپێدانی شاری پیشەسازی و ژێرخانی ئابووری و خزمەتگوزارییە گشتییەکان دەکات.

بەڵام، ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ پرۆژە یاسای نوێی وەبەرهێنان لە هەرێم دەبینین کە لە بڕگەی (١٤) لە ماددەی (١) گەشەپێدەری سەرەکی (المطور الرئیسي) ناساندووە بەوەی کە (ئەو لایەنەیە کە هەڵدەستێت بە بەڕێوەبردن و دروستکردنی ناوچەی ئازاد یان هەر ناوچەیەکی پەرەپێدەر بەگوێرەی ئەو ڕێنماییانەی کە دەستەی وەبەرهێنان دیاردەکات)، و لەو ڕوانگەیەوە ستایشی پرۆژەکە دەکەین و داوا لە یاسادانەری کوردستانی دەکەین کە ئەم بڕگەیە بچەسپێنێت لەبەر گرنگیی زۆری بۆ دروستکردن و بەڕێوەبردنی ناوچەی ئازاد لە هەرێم، لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەموو ئەو پێشنیاز و تێبینییانەی کە لەپێشەوە باسمانکردن.

لێرەدا پرسیار دێتە ئاراوە لەبارەی تێگەی گەشەپێدەری سەرەکی (المطور الرئيسي) لە بواری پراکتیکی؟ و چۆن مۆڵەت وەردەگرێت بەدروستکردنی ئەو ناوچانە؟ و کێیە ئەوەی مۆڵەتی پێدەدات؟ لە وەڵامدا ئەگەر تەماشای وەبەرهێنەر بکەین وەکو گەشەپێدەری سەرەکی لە بواری پڕاکتیکی ئەوا پێویست دەکات وەبەرهێنەر بناسین لە یاسای وەبەرهێنانی هەرێم و یاسا بەراوردکارییەکان و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان، چونکە لە بنەڕەتدا گەشەپێدەری سەرەکی خۆی وەبەرهێنە جا بیانی بێت یان ناوخۆی.

- یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٦ پێناسەی وەبەرهێنی بیانی بە جیاواز نەکردووە، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی باسی وەبەرهێنی کردووە لە ماددەی یەکەم بڕگەی (٦) دەڵێت (وەبەرهێن هەر کەسێکی سروشتی یان واتاییە کە سەرمایەکەی دەخاتە خزمەتی وەبەرهێنان لە هەرێم بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەوجا کەسەکە چ نیشتمانی بێت یان بیانی). لە کاتێکدا، لە ماددەی (٣) ی هەمان یاسا ئەم دەقە هاتووە کە دەڵێت (وەبەرهێنی بیانی و سەرمایەکەی مامەڵەی وەبەرهێنی نیشتمانی و سەرمایەکەی بۆ دەکرێت) بەم پێیەش یاسادانەری هەرێمی کوردستان جیاوازیی نێوان وەبەرهێنی بیانی و وەبەرهێنی نیشتمانی لابردووە، هەردووکیانی وەک یەک هەژمارکردون لە ماف و ئەرکدا.

بەڵام یاسادانەری وەبەرهێنانی عێراقی پێناسەی وەبەرهێنەری بیانی بە جیا کردووە لە بڕگەی (ط) لە ماددەی یەکەم کە لە دەقەکەیدا دەڵێت (وەبەرهێنەری بیانی ئەوەیە کە ڕەگەزنامەی عێراقی نییە، ئەگەر هاتوو کەسی سروشتی بوو و تۆمارکرابێت لە وڵاتێکی بیانی ئەگەر هاتوو کەسێکی واتایی یان یاسایی بوو).

یاسای وەبەرهێنانی ئوردنی لە ماددەی (٢) بەم جۆرە پێناسەی وەبەرهێنەری بیانی کردووە (کەسی سروشتی یان واتایی کە وەبەرهێنان دەکات لە شانشین بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە) لەم پێناسەیە ڕووندەبێتەوە کە یاسای ئوردنی بە شێوەیەکی ڕەها پێناسەی وەبەرهێنی کردووە بێ ئەوەی جیاوازی بکات لەنێوان وەبەرهێنی بیانی و نیشتمانی، چونکە ئەو یاسایە لەگەڵ وەبەرهێن دەدوێت بە شێوەیەکی ڕەها.

یاسادانەری میسریش لە یاسای وەبەرهێنان ژمارە (٧٢)ساڵی ٢٠١٧ هەموارکراو پێناسەی وەبەرهێن دەکات لە بڕگەی (٢) ماددەی (١) بەوەی "هەر کەسێکی سروشتی یان واتاییە، میسری بێت یان بێگانە سەر بە هەر سیستەمیکی یاسایی بێت، کاری وەبەرهێنان بکات لە کۆماری میسری عەرەبی بەگوێرەی بنەماکانی ئەو یاسایە".

ئەوەی تێبینیمان لەسەر ئەو یاسایە هەیە:

١- لەبەرئەوەی پێناسەی وەبەرهێنی کردووە باشتر وابوو بە ڕەها باسیکردبا، چونکە ئەو زاراوەیە مادام تایبەتنەکراوە بە وەبەرهێنێک کەواتە هەردووکیان دەگرێتەوە.

٢- دووبارەکردنەوەی زاراوەی میسر لەیەک پێناسەی کورت جێگای ڕەخنەگرتنە، چونکە مادام لە کۆتاییدا دەڵێت: بەگوێرەی بنەماکانی ئەو یاسایە کەواتە یاساکە خۆی لەخۆیدا میسرییە و چوارچێوەی جێبەجێکردنیشی هەڵبەتە سنووری کۆماری میسری عەرەبییە.

٣- بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لەو پێناسەیە ئەو بڕگەیەیە کە دەڵێت: "سەر بە هەر سیستەمێکی یاسایی بێت" چونکە لە کۆماری میسر وەبەرهێن دەکرێت سەر بە چەندین سیستەم بن هەروەکوو خودی یاساکەش ئاماژەدەکات وەکوو: سیستەمی وەبەرهێنانی ناوخۆ،

سیستەمی وەبەرهێنان لە ناوچە وەبەرهێنەرەکان، سیستەمی وەبەرهێنان لە ناوچە تەکنەلۆجییەکان، سیستەمی وەبەرهێنان لە ناوچە ئازادەکان.

لە هەموو ئەوانەی پێشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە گەشەپێدەری سەرەکی وەبەرهێنە جا کەسێکی سروشتی بێت یان واتایی ناوخۆیی بێت یان بێگانە، کە ئەرکی دروستکردنی ناوچەی ئازاد یا گەشەپێدانیان دەگرێتەئەستۆ بەگوێرەی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان. بە تێڕوانینمان بۆ ماددەی (٣) لە یاسای بەرکاری وەبەرهێنان، دەبینین کە یاسادانەری کوردستانی وەبەرهێنەری بیانی و نیشتمانی یەکسان کردووە لە مامەڵەکردن لەگەڵیان، بۆیە وای دەبینین کە یاسادانەر ڕێگەی بە هەردوو وەبەرهێنەری ناوخۆیی و بیانی داوە کە، ئەگەر مەرجی گەشەپێدەریان تێدا بێت دەتوانن ناوچەی ئازاد دروستبکەن، بەڵام لێرەدا چەند پرسیارێک دێنە ئاراوە وەکوو ئەو لایەنە کێیە کە مۆڵەت دەدات بە ناوچەی ئازاد دەدات؟ و ڕێکارەکانی دروستکردنی ئەم ناوچانە چین؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە یاسادانەری کوردستانی باسی لەم بابەتە نەکردووە، هەر بۆیە بە پێویستمان زانی وەڵامی دروست بۆ ئەم پرسیارانە ئامادەبکەین بە پشتبەستن بە خوێندنەوەمان بۆ یاسا بەراوردکارییەکان بەو هیوایەی کە یاسادانەری کوردستانی پێی وەربگرێت لە پڕۆژە یاسای نوێدا:

**یەکەم:** ناوچەی ئازاد بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران دروستدەکرێت بەوەی کە ئەنجوومەنی وەزیران سەرپشک بکرێت لە لایەن ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ ئەم بابەتە و دیاریکردنی سنوور و هەموارکردنی یان لابردنی بە هەمان شێوە، لەگەڵ پاراستنی مافە وەدەستهاتووەکان لە حاڵەتی بەرتەسککردنەوە و لابردنی سنوورەکان، و ئەم بڕیارانەش لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاوبکرێتەوە و ئەو پێوەر و مەرج و ڕێکارانەش کە پێویستن بە پێی سیستەمێک دەربکرێن بۆ ئەو مەبەستە.

**دووەم:** دەستەی وەبەرهێنان هەموو کاروبار و دەسەڵاتەکانی پەیوەست بە ناوچە ئازادەکان لەئەستۆدەگرێت، لەوانە ئەمانەی خوارەوە:

أ- تۆمارکردنی کەسێک کە ئارەزووی چالاکیی ئابووری دەکات لە ناوچەی ئازاد بەپێی بڕگەکانی ئەم یاسایە.

ب- دامەزراندن و تۆمارکردنی کەسێک لە ناوچەی ئازاد بۆ ئەنجامدانی چالاکیی ئابووری لە ناوەوە یان دەرەوەی هەرێم بەپێی بڕگەکانی ئەم یاسا و ڕێسایەی بۆ ئەم مەبەستە دەردەچن.

ج- دەرکردنی هەموو جۆرە مۆڵەت و بڕوانامەیەکی تایبەت بە مومارەسەی چالاکییە ئابوورییەکان لە ناوچەی ئازاد بەپێی بڕگەکانی ئەم یاسایە و ئەو ڕێسا و ڕێنماییانەی کە بەپێی ئەو یاسایە دەردەچن.

د- وەرگرتنی ئەو ڕسومات و باج و غەرامانەی کە بەپێی بڕگەکانی ئەم یاسایە و ئەو ڕێسایانە کۆکراونەتەوە لە ناوچە ئازادەکان و دیاریکردنی کرێی خزمەتگوزاری و چۆنیەتیی کۆکردنەوەی، جگە لە باجی گومرگی و باجی داهات و فرۆشتن.

**سێیەم:** گەشەپێدەری سەرەکی پابەندە بە تەواوکردنی ڕێکارە پێویستەکان بۆ مۆڵەتدان بە دامەزراوەیەکی تۆمارکراو بەپێی بڕگەکانی ئەم یاسایە دوای ڕاگەیاندنی ناوچەی ئازاد کە تێیدا هەموو کارەکانی ئەو ناوچەیە لە بەڕێوەبردن و دارایی و گەشەپێدان لەئەستۆدەگرێت و ئاسانکاری و خزمەتگوزارییە پێویستەکانیش دەگرێتەوە، لەوانە ڕێگاوبان، کارەبا، ئاو، پەیوەندییەکان و پاکوخاوێنی...هتد.

**چوارەم:** گەشەپێدەری سەرەکی و دەزگای تۆمارکراو لە ناوچەی ئازاد هەموو مافێکی پێویستیان هەیە بۆ ئەنجامدانی چالاکیی ئابووری، لەوانە:-

١- هەستان بە هەموو کردارە پەیوەندیدارەکان بە فرۆشتن و کڕین و بەکرێدان و بەکرێوەرگرتن و کارگێڕی و گواستنەوەی موڵکیەتیی هەر زەوی و دامەزراوەیەک لە ناو سنووری ناوچەی ئازاد، ئەمەش کە بگونجێت لەگەڵ حوکمەکانی یاسا، بە جۆرێک کە تێکنەگیرێت لەگەڵ ئەو یاسایانەی کە موڵکیەتیی زەوی و زارەکان لە هەرێم ڕێکدەخەن.

٢- بەستنی گرێبەست لەگەڵ فەرمانبەر و کرێکار بەپێی یاسا و ئەو ڕێنماییانەی بەپێی ئەم یاسایە دەردەچن.

**پێنجەم** : أ- دەستەی وەبەرهێنان مافی ئەوەی هەیە هەریەکێک لەو زەوییانەی کە بە ناوی خۆیەوە لە ناوچەی ئازاد تۆمارکراون بەکرێبدات بە گەشەپێدەری سەرەکی و دەشتوانێت ئەم زەوییانە بە گەشەپێدەری سەرەکی بفرۆشێت، بەپێی ڕێککەوتنی گەشەپێدان کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پەسەندکراوە، و بەو ڕێژەیەی کە دیاریکراوە.

ب- ئەگەر گەشەپێدەری سەرەکی کاری گەشەپێدانی لە ناوچەی ئازاد تەواونەکرد، حکوومەتی هەرێم مافی هەیە داوای غەرامەکردنی گەشەپێدەری سەرەکی بکات بە بڕی (٥%) لە بەهای بازاڕی ئەو زەوییانە کە پەرەیانپێنەدراوە بۆ هەر ساڵێکی دواکەوتن لە دەرەوەی ئەو خشتەیەی کە لە ڕێککەوتنەکەدا دیاریکراوە.

### ٢.٣. سیستەمی یاسایی بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادەکان لە هەرێمی کوردستان

دەتوانین بڵێین باشترین وەبەرهێنان کە بکرێت لە وڵاتی میواندا وەبەرهێنانە لە ناوچەی ئازاد، بەو پێیەی کە وەبەرهێنان لەم ناوچانە چەندین تایبەتمەندی و جیاکاریی گەورەیان تێدا هەیە  کە لە کۆتاییدا بە سوودێکی هەمەچەشنە و پەرەپێدانێکی تۆکمە بۆ وڵاتی میوان

دەگەڕێتەوە، هەر بۆیە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی جدیدایە بۆ دروستکردنی یەکێک لەو ناوچانە لە (ئیبراهیم خلیل) سەر سنووری نێوان وڵاتانی عێراق و تورکیا و سوریا (محمد، مصطفی٢٠٢١). حوکمەکانی یاسای بەرکاری وەبەرهێنان لە هەرێم بەگوێرەی ماددەی (١٤/٢) دەتوانرێت جێبەجێبکرێت لەسەر پرۆسەی وەبەرهێنان لەم ناوچەیە، لە ڕاستیدا سیستەمی یاسایی بەڕێوەبردن و دامەزراندن تاڕاددەیەک جیاوازییان هەیە لەگەڵ وەبەرهێنانی هەرەمەکی، هەر بۆیە ئەم مەبەستە دەتوانین سوود لە یاسا بەراوردکارییەکان وەردەگرین بۆ پێشنیازکردنی دەقی گونجاو لەم بوارە بۆ یاسادانەری کوردستانی، ئەوی جێگای سەرنجە زۆربەی وڵاتان لە چواچێوەی یاسای وەبەرهێنان ناوچە ئازادەکان ڕێکدەخەن، بەڵام تایبەتمەندیی ئەو ناوچانە پشتگوێناخەن لە بەشی تایبەت دەیخنەڕوو، بەڵام هەندێکی تریش ناوچە ئازادەکان بە یاسای تایبەت ڕێکدەخەن.

لە یاسا بەراوردکارییەکان دەبینین یاسادانەری میسری لە ناو یاسای وەبەرهێنان ناوچە ئازادەکانی ڕێکخستووە بە تەرخانکردنی بەشێک بۆ جیاکارییەکان، ئەویش بەشی چوارەمە لە ماددەکانی (٣٣-٤٧). بەڵام بۆ پراکتیزەکردنی حوکمە یاساییەکانی تایبەت بە بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانە پشتیبەستووە بە بڕیاری سەرۆکی کۆماری میسر ژمارە (٢٨٤) ساڵی ١٩٩٧.

لەم بڕیارەدا چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ناوچەی ئازاد دەکەوێتە ژێرڕکێفی دەسەڵاتی دەستەی گشتیی وەبەرهێنان و ناوچە ئازادەکان لە میسر، سەرۆکی دەستەکە ئەرکی بەڕێوەبردنی ناوچەی ئازادەکان لەئەستۆدەگرێت و کاروبارەکانی بەڕێوەدەبات و بۆ ڕاییکردنی کارەکانیش دەستەی ئەنجوومەنی کارگێڕی پێکدەهێنرێت بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی دەستە و ئەندامێتیی هەر یەک لە جێگرانی پارێزگاری بانکی ناوەندی و

چوار لە سەرۆکی کەرتەکان کە نوێنەرایەتیی وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و چاککردنی زەوی و زارەکان و گەشتوگوزار و دارایی و پیشەسازی و سەرمایەی کانزایی دەکەن، لەگەڵ پێنج لە وەبەرهێنەران، و دانانی ئەندامانی ئەنجوومەنی کارگێڕی بۆ ماوەی سێ ساڵ دەبێت، دەکرێت بۆ ماوەیەکی تر درێژبکرێتەوە (قرار رئيس جمهورية مصر العربية بانشاء الهيئة العامة للاستثمار والمناطق الحرة ، ١٩٩٧)، و بڕیارەکانی ئەنجوومەنی کارگێڕی دەستە لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پاڵپشتیدەکرێن و بڕیارەکان دوای پاڵپشتیکردنیان جێبەجێدەکرێن و یان دوایی تێپەڕبوونی ١٥ ڕۆژ بەسەر ڕێککەوتی ئاگاداربوون لێیان لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و نەبوونی ڕێگری لێیان (قرار رئيس جمهورية مصر العربية بانشاء الهيئة العامة للاستثمار والمناطق الحرة ، ١٩٩٧).

هەروەها دەستە بودجەیەکی سەربەخۆی هەیە کە بەپێی بنەما کارپێکراوەکانی پڕۆژەی بازرگانییە و ساڵی دارایی دەستە لەگەڵ سەرەتای ساڵی دارایی دەوڵەت دەستپێدەکات و لەگەڵ ئەویش کۆتایی پێدێت و دەستە حسابێکی تایبەتی هەیە کە داهاتەکانی تێدا هەڵدەگیرێت و ئەوەی لە ساڵێک دەمێنێت بۆ ساڵی دواتر دەڕوات (قرار رئيس جمهورية مصر العربية بانشاء الهيئة العامة للاستثمار والمناطق الحرة ، ١٩٩٧).

یاسادانەری ئەردەنیش لەمیانەی یاسای وەبەرهێنان ڕێکخستنی یاسای بۆ ناوچە ئازادەکان کردووە، و لە ماددەکانی (٢٠-٢٢) سیستەمی بەڕێوەبردنی ناوچەکانی ئازادی دیارکردووە، بەگوێرەی بنەمای یاساکە دەستەی وەبەرهێنان دادەمەزرێت، و ئەرکی بەڕێوەبردن و گەشەپێدانی ناوچە ئازادەکان دەگرێتەئەستۆ، ئەو دەستەیەش لەلایەن سەرۆکێکەوە بەڕێوەدەبرێت کە ئەنجوومەنی وەزیران لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکوەزیران بۆ ماوەی چوار ساڵ دیاریدەکرێت، و سکرتێرێکی گشتی بۆدەستەکەش دیاریدەکرێت بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی وەزیران لەسەر

بنەمای ڕاسپاردەی سەرۆککۆمار بەپێی بڕگەکانی سیستەمی خزمەتگوزاریی شارستانی (قانون الاستثمار الاردني، ٢٠١٤).

هەروەها دەستەی وەبەرهێنان بۆی هەیە بە گوێرەی "یاسای وەبەرهێنانی و ڕێنماییەکان و بە ڕەزامەندیی "ئەنجوومەنی وەزیران" دەسەڵاتەکانی پەیوەست بە گەشەپێدانی ناوچەی ئازاد بدات بە هەر لایەنێکی فەرمیی حکوومەت، یان کۆمپانیایەکی گشتی کە خاوەنداری دەکرێت لە لایەن حکوومەتەوە، و بۆ ئەو لایەنە هەیە کە هەڵبستێت بەو کارانەی کە بۆی دیاریکراوە بە گوێرەی ئەو ڕێکارانەی کە "دەستەی وەبەرهێنان" بڕیاری لێوەدەدات، هەروەها "سەرۆکی دەستەش" بە ڕەزامەندیی "ئەنجوومەنی وەبەرهێنان"، دەتوانێت دەسەڵاتەکانی بدات بە گەشەپێدەری سەرەکیی ناوچەکە، هەڵبەتە ئەو دەسەڵاتانەی کە دەقیان لەسەر کراوە لە "یاسای وەبەرهێنان و پەیوەستن بە (بەڕێوەبردنی کاروباری تایبەتی ناوچەی ئازادی دیاریکراو، و بەرەوپێشبردنی، ڕێکخستنی) (قانون الاستثمار الاردني، ٢٠١٤).

لە عێراق دەستەی بەڕێوەبردن و وەبەرهێنان لە ناوچە ئازادەکان ئەرکی بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادەکان دەگرێتەئەستۆ، ئەم دەستەیە بەگوێرەی یاسای دەستەی گشتی بۆ ناوچە ئازادەکان ژمارە (٣) ی ساڵی ١٩٩٨ دامەزراوە، و لەلایەن ئەنجوومەنێکی کارگێڕی بەڕێوەدەبردرێت کە پێکهاتووە لە بەڕێوەبەرێکی گشتی و ئەندامیەتیی هەر یەک لە نوێنەرانی وەزارەتەکانی: (بازرگانی، پیشەسازی، نەوت، گواستنەوە و گەیاندن، هەروەها بەنکی ناوەندی و دەستەی گشتی گومرگ)، لە کارەکانی ئەو دەستەیە: بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادەکان و کارئاسانی کردن بۆ ڕاییکردنی پڕۆسەی وەبەرهێنان لەو ناوچانە، و دامەزراندنی شوێنی تیاهەڵگرتن و عەمبار و دامەزراوەی پێویست بە ناوچە ئازادەکان و پەرەپێدانیان بە شێوەیەک کە ببێتە مایەی گەشەسەدنی ئەو ناوچانە، هەروەها

جێبەجێکردنی مەرج و پێداویستییەکانی چاودێریی گومرگی لەو ناوچانە، و بەڕێوەبەرایەتی دەستەش چەندین دەسەڵاتی هەیە وەکوو پێشنیازکردن بۆ دروستکردنی ناوچەی ئازاد یان گەشەپێدانیان یان هەڵوەشاندنەوەیان، بڕیاردان لەسەر داواکاری وەبەرهێنان لە ناوچەی ئازاد بۆ دروستکردنی پڕۆژەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و خزمەتگوزاری، دیارکردنی ڕێکارەکانی تایبەت بە بیمەکردن لەو ناوچانە، پێشنیازکردن بۆ داڕشتنی یاسا و ڕێسای تایبەت بە هاندان بۆ ڕاکیشانی وەبەرهێنان بۆ ئەم ناوچانە، و ئەنجامدانی گرێبەست بۆ وەرگرتنی قەرز، هەروەها داننان بە پڕۆژەی موازەنەی گشتیی کەساڵانە ئامادەدەکرێت بۆ ڕاییکردنی کاروباری دەستەکە (قانون الهیئة العامة للمناطق الحرة، ١٩٩٨).

بە ڕای ئێمە لەبەرئەوەی یاسای وەبەرهێنانی عێراقی لە مادده (٢٩) بە ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات کە وەبەرهێنان لە هەموو سێکتەرەکان لە عێراقدا دەکەوێتە ژێر ڕکێفی حوکمەکانی یاسای وەبەرهێنان جگە لە سێکتەرەکانی (نەوت و غاز و کاری بیمە و بانکەکان) نەبێت، کەواتە ناوچە ئازادەکانیش دەگرێتەوە، و لەلایەنی پراکتیکیش ئەو بۆچوونە دروستە، چونکە یاسای دەستەی گشتی بۆ ناوچە ئازادەکان ژمارە (٣) ی ساڵی ١٩٩٨ تەنها کار و چالاکیی ئەم دەستەیە نیشاندەدات، ناپڕژێتە ناو وردەکاریی زیاتری پڕۆسەی وەبەرهێنان لەو ناوچانە وەک باسکردنی هاندانەکان یان گەرەنتییە یاساییەکان یان دیارکردنی ئەرک و مافی وەبەرهێن... هتد، هەر بۆیە وەبەرهێنان لە ناوچە ئازادەکان لە عێراق دەکەوێتە ژێر حوکمەکانی یاسای وەبەرهێنان، ئەوەی جێگای سەرنجە لێرەدا ئەوەیە کە ئەو یاسایە بەگوێرەی بەشی دووەم مادەکانی (٤-٩) دەستەیەکی نیشتمانی بۆ وەبەرهێنان دیاریکردووە کە کاری بەڕێوەبردن و کارگێڕی و دامەزراندنی چاودیری لە پڕۆسەکانی وەبەرهێنان لە عێراق لەئەستۆدەگرێت، کەواتە بەگوێرەی ئەم لێکدانەوەیە بێت پڕۆسەی وەبەرهێنان لە ناوچەکانی ئازادیش لەخۆدەگرێت، هەر بۆیە لە دیدی ئێمە

لێرەدا تیکەلاوییەک لە دەسەڵاتەکان دروستدەبێت لە نێوان دەستەی نیشتمانی بۆ وەبەرهێنان و دەستەی گشتی بۆ ناوچە ئازادەکان، و بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە پێشنیازدەکەین هەموو دەسەڵاتەکان بدرێت بە دەستەی نیشتمانیی وەبەرهێنان و لەگەڵ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی ڕێکخستن لەبواری بەڕێوەبردن و دامەزراندن لە ناوچە ئازادەکان، و ئەم دەستەیە لەژێر ناوێکی گشتگیربێت پێشنیاز دەکەین کە ناوەکەی بگۆڕدرێت بۆ "دەستەی نیشتمانی بۆ وەبەرهێنان و ناوچە ئازادەکان لە عێراق".

هەرچی تایبەت بە هەرێمی کوردستانیشە، پێویستە درک بەوە بکرێت کە لەسەر بنەمای "یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)"، دەستەیەک دامەزراوە لەژێر ناوی "دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان"، بۆ بەڕێوەبردن و ڕاییکردنی پرۆسەی وەبەرهێنان لە هەرێم و دەستەکە سەرۆکێکی هەیە، بە پلەی وەزیر، و بەرپرسیارە لە ئاراستەکردنی کارەکان، سەرپەرشتیکردن و کۆنترۆڵکردنی چالاکییەکان، ئامادەکردنی ستراتیژیی وەبەرهێنان و پلان و سیاسەت. هەروەها دەتوانێت گرێبەست لەگەڵ کەسانی ئاسایی یان مەعنەوی لە ناوخۆ یان دەرەوەی هەرێم بکات بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرک و کارانەی کە پێیان سپێردراوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دەستە، لە سەرووی دەستەی وەبەرهێنانیش ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان لە هەرێم" دامەزراوە کە گەورەترین پێکهاتەی بڕیار بەدەستی وەبەرهێنانە لە هەرێم، کە پێکهاتووە لە سەرۆکی حکوومەت وەک سەرۆک، و جێگری سەرۆکی حکوومەت وەک جێگرەکەی، ئەمە جگە لە ئەندامێتیی وەزیرانی دارایی، ئابووری، بازرگانی، شارەوانییەکان، پلاندانان، کشتوکاڵ، پیشەسازی، و سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان و ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان لە هەرێم" دەسەڵاتی فراوانی هەیە لەوانە: دانانی سیاسەت و ستراتیژی پەیوەست بە وەبەرهێنان بەکاردەهێنێت کە لەلایەن دەستەوە

پێشنیازدەکرێن لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتیی هەرێمدا، هەروەها پەسەندکردنی پلان و بەرنامەکانی چالاکییەکانی دەستە لە چوارچێوەی پلانی گشتی هەرێم... هتد (یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٦).

دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێم بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندیدارەکان، دەتوانێت لەهەر پارێزگایەکی هەرێم ئەو شوێنانە دیاریبکات کە بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان دەگونجێن جا لە ئێستا بێت یان داهاتوو (یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٦)، و ئەم تەرخانکردنە بە نرخێکی هاندەربێت، یان کرێ، یان موساتەحە، وەک ڕیزپەڕێک لە بڕگەکانی "یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵکی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١). ئەوەی جێگای باسە ناوچە ئازادەکانیش دەکەونە چوارچێوەی ئەو نەخشە پلانە، چونکە بەگوێرەی ماددەی (٩/٢)  ناوچە ئازادەکان و بازاڕە هاوچەرخەکان یەکێکن لە بوارەکانی وەبەرهێنان کە حوکمەکانی یاسای وەبەرهێنانی لەسەر جێبەجێدەکرێن، ئیدی  بوار بۆ وەبەرهێنەرەکان ڕەخساوە کە وەک گەشەپێدەری سەرەکی کێبڕکێ بکەن بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەت بۆ دروستکردنی یەکێک لەم ناوچانە لە هەرێمی کوردستان، و دەستەی وەبەرهێنانیش کاری بەڕێوەبردن و چاودێرکردنی ئەو ناوچانە دەگرێتەئەستۆ بە هەماهەنگیکردن لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان، بەڵام لە هەبوونی خواست لەسەر ئەم جۆرە وەبەرهێنانە پێویستە هەندێک دەسەڵاتی تر بۆ دەستەی وەبەرهێنان زیادبکرێن، چونکە وەکوو لە پێشتریش ئاماژەمانپێکرد، وەبەرهێنان لە ناوچەی ئازاد تایبەتمەندیی خۆی هەیە و جیاوازە لە وەبەرهێنانی هەرمەکی، هەربۆیە پێشنیاز بۆ یاسادانەری کوردستانی دەکەین لەداڕشتنی یاسای نوێی وەبەرهێنان ئەم بڕگانە بۆ بەشی تایبەت بە تەشکیلاتی وەبەرهێنان زیادبکات:

یەکەم: ناوی دەستەکە بگۆڕدرێت بۆ دەستەی وەبەرهێنان و ناوچە ئازادەکان.

دووەم: ئەو دەسەڵاتانە بۆ دەستەی وەبەرهێنان و ناوچە ئازادەکان زیادبکرێت:

١- بنیادنانی ناوچەی ئازاد و هەڵوەشاندنەوەیان.

٢ – بەڕێوەبردن و وەبەرهێنانی ناوچە ئازادەکان و پەرەپێدانیان بە شێوەیەک کە لە خزمەتی ئابووریی وڵات و گەشەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێودەوڵەتی و بازرگانیی ترانزێت و پیشەسازیی هەناردەکردندا بێت.

٣ – دامەزراندنی شوێنی تیاهەڵگرتن و عەمبار و دامەزراوەی پێویست بە ناوچە ئازادەکان و پەرەپێدانیان بە شێوەیەک کە ببێتە مایەی گەشەسەندنی ئەو ناوچانە.

٤ – جێبەجێکردنی مەرج و حوکمە تایبەتەکان بە چاودێریی گومرگی بەپێی یاسای گومرگیی عێراقیی ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٨٤ی هەموارکراو.

٥ - ئامادەکردنی پلان و بەرنامەی تایبەت بە پەرەپێدانی ناوچەی ئازاد و گەشەسەندنیان.

٦ – تەماشاکردنی داواکارییەکانی وەبەرهێنان لە ناوچە ئازادەکان بۆ دروستکردنی پڕۆژەی پیشەسازی و بازرگانی و عەمبارکردن و.... هتد.

٧- دانانی ڕێکخستنی تایبەت بە کارەکانی بیمەکردن لە ناوچە ئازادەکان.

٨ – دیاریکردنی کرێی خزمەتگوزارییەکان لە ناوچە ئازادەکان بە ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان.

٩ – گرێبەستی قەرز و بەستنی ڕێککەوتننامەی تایبەت بەم بوارە بە ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان بێت.

## کۆتایی

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا کە باس لە چوارچێوەی یاسایی بۆ ڕێکخستنی ناوچە ئازادەکان لە هەرێمی کوردستان دەکات، گەیشتین بە چەند دەرەنجام و پێشنیازێک کە گرنگتریان لە خوارەوە دەخرێنەڕوو:

## یەکەم: ئەنجامەکان

١- تاوەکو ئێستا پێناسەیەکی دیاریکراو و یەکلاکەرەوە بۆ ئەم زاراوەیە نییە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر یەکێک لە یاساناسان و یاسادانەرە نێودەوڵەتییەکان لە ڕوانگەی خۆیانەوە تەماشایی چەمکەکە دەکەن، و پێناسەکان جیاوازییان هەیە بەپێی ئامانجەکان (ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و ئابووری).

٢- ناوچە بازرگانییە ئازادەکان وا ناسراون کە ناوچەی پاوانکراون و لێخۆشبوونی ڕسوماتی گومرگی تێدا بەرقەرارە کە تیایدا شوێنی هەڵگرتن و دابەشکردنی بازرگانی تێدایە و کرداری هەناردەکردنیان دووبارە تیدا ئەنجامدەدرێت، و هەیانە وا ناسێنراوە کە ناوچەی ڕێکخستنی هەناردەکانن ئەوانیش ناوچەی ئازادن، کە ئامانجی سەرەکییان بازاڕی دەرەکییە واتە مەرجی بازرگانیی ئازاد پێشکەش بە کۆمپانیاکان دەکات لەگەڵ ژینگەیەکی ڕێکخراو و ئازاد.

٣- ڕووبەری ناوچەی ئازاد پێویستە لە ڕووی سنووری جوگرافییەوە بە وردی دیاریبکرێت جا ناوچە ئازادەکە بە ڕێکخستنێکی یاسایی دروستبووبێت یان بە مەڕسومی جێبەجێکاری.

٤- یەکێک لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی ناوچە ئازادەکان خۆی دەبینێتەوە لە سیستەمێکی نەرمی باج، کە هەموو ئەوانەی مامەڵە دەکەن و چالاکی ئەنجامدەدەن لە نێو ناوچە ئازادەکان ملکەچن بۆی، ئەم سیستەمە جۆرێ لە ئیمتیاز و سەرپشکی دەبەخشێت لە چوارچێوەی ڕێکارەکانی هاندان لە بواری وەبەرهێنان، بە تایبەتیش لە ڕووی باجەوە، لە چوارچێوەی ئەو ئابوورییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەی کە هەوڵی بەدیهێنانی دەدات، ئەم سەرپشکبوونەش تەنها و تەنها بۆ ئەوە بەکارهاتووە تا ئامرازێک بێت بۆ ڕاکێشانی مامەڵەکارانی بیانی و وەبەرهێنانی سەرمایەکەیان لە ناوخۆی ناوچە ئازادەکان.

٥- لە ڕووی کارگێڕییەوە مامەڵەکان ملکەچی ڕۆتینیاتە کارگێڕییە ئاساییەکان نابن، بەڵکوو بە ڕۆتینیاتێکی کەم و سادە کارەکان و مامەڵەکانیان ڕاییدەکرێن.

٦- لە هەرێمی کوردستان ناوچە ئازادەکان بە یاسا ڕێکنەخراون نە لە یاسایەکی تایبەت، نە لە یاسای وەبەرهێنان.

**دووەم: پێشنیازەکان**

١- یاسای وەبەرهێنانی کوردستانی ماددەیەک یان بڕگەیەکی تایبەت نەکردووە بۆ ناساندنی زاراوەی ناوچە ئازادەکان لە هەرێمی کوردستان لێرەدا پێشنیازدەکەین بە زیادکرینی بڕگەیەک لە ماددەی (١) کە تەرخانبکرێت بۆ پێناسەکردنی ناوچەی ئازاد لە هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە "ناوچەی ئازاد بریتییە لە ڕووبەرێکی جوگرافیی دیاریکراوە لەناو هەرێمی کوردستان کە ملکەچی هیچ ڕسومێکی گومرگی یان کۆتی هاوردەکردن نابێت دەبێتە هۆی دروستکردنی ژینگەیەکی وەبەرهێنانی جیهانی و زیادکردنی هەناردەکردن و بەدیهێنانی تەکەنەلۆجیای سەردەم و فەراهەمکردنی هەلی کار، بە فاکتەرێکی

سەرەکی دادەنرێت بۆ گەشەسەندنی بازرگانیی خزمەتگوزاری و ئابووریی هەرێم بە شێوەیەکی گشتی".

٢- ناوی دەستەی وەبەرهێنان بگۆڕدرێت بۆ دەستەی وەبەرهێنان و ناوچە ئازادەکان لە هەرێمی کوردستان.

٣- ئەم چەند بڕگەیەی خوارەوە زیادبکرێن بۆ دەسەڵاتی دەستەی وەبەرهێنان لە ناوچە ئازادەکان:-

أ – بنیادنانی ناوچەی ئازاد و هەڵوەشاندنەوەیان.

ب- تۆمارکردنی کەسێک کە ئارەزووی چالاکیی ئابووری دەکات لە ناوچەی ئازاد بەپێی بڕگەکانی ئەم یاسایە.

ج- دامەزراندن و تۆمارکردنی کەسێک لە ناوچەی ئازاد بۆ ئەنجامدانی چالاکیی ئابووری لە ناوەوە یان دەرەوەی هەرێم بەپێی بڕگەکانی ئەم یاسا و ڕێسایە بۆ ئەم مەبەستە دەردەچن.

د- دەرکردنی هەموو جۆرە مۆڵەت و بڕوانامەیەکی تایبەت بە مومارەسەی چالاکییە ئابوورییەکان لە ناوچەی ئازاد بەپێی بڕگەکانی ئەم یاسایە و ئەو ڕێسا و ڕێنماییانەی کە بەپێی ئەو یاسایە دەردەچن.

هـ - وەرگرتنی ئەو ڕسومات و باج و غەرامانەی کە بەپێی بڕگەکانی ئەم یاسایە و ئەو ڕێسایانە کۆکراونەتەوە لە ناوچە ئازادەکان و دیاریکردنی کرێی خزمەتگوزاری و چۆنیەتیی کۆکردنەوەی، جگە لە باجی گومرگی و باجی داهات و فرۆشتن.

و- بەڕێوەبردن و وەبەرهێنانی ناوچە ئازادەکان و پەرەپێدانیان بە شێوەیەک کە لە خزمەتی ئابووریی وڵات و گەشەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێودەوڵەتی و بازرگانیی ترانزێت و پیشەسازیی هەناردەکردندا بێت.

ر- دامەزراندنی شوێنی تیاهەڵگرتن و عەمبار و دامەزراوەی پێویست بە ناوچە ئازادەکان و پەرەپێدانیان بە شێوەیەک کە ببێتە مایەی گەشەسەدنی ئەو ناوچانە.

ز- جێبەجێکردنی مەرج و حوکمە تایبەتەکان بە چاودێری گومرگی بەپێی یاسای گومرگی عێراقیی ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٨٤ی هەموارکراو.

م - ئامادەکردنی پلان و بەرنامەی تایبەت بە پەرەپێدانی ناوچەی ئازاد و گەشەسەندنیان.

ن- تەماشاکردنی داواکارییەکانی وەبەرهێنان لە ناوچە ئازادەکان بۆ دروستکردنی پڕۆژەی پیشەسازی و بازرگانی و عەمبارکردن و.... هتد.

ع- دانانی ڕێکخستنی تایبەت بە کارەکانی بیمەکردن لە ناوچە ئازادەکان.

ل- دیاریکردنی کرێی خزمەتگوزارییەکان لە ناوچە ئازادەکان بە ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان.

ی- گرێبەستی قەرز و بەستنی ڕێککەوتننامەی تایبەت بەم بوارە بە ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان بێت.

## پەراوێزەکان

[(١)] هەروەها جۆرێکی تریشمان هەیە پێی دەگوترێت ناوچەی پیشەسازی، کە ئەم شوێنانە لێکچوونێکیان هەیە لەگەڵ ناوچە ئابوورییە تایبەتەکان، بەڵام لە چوارچێوەیەکی بچووکتر کار دەکەن سەرەڕای ئەوەش هەندێک شوێنی تر هەن کە وەک (ناوچەی تێهەڵگرتن)  وەهاش ناسراون بە لێهەڵگرتنی گومرگی ناوزەنددەکرێن کە هەندێک باڵاخانەی دیاریکراون، یان شوێنی ئامادەکراون دەکرێت شتومەکی تێدا هەڵبگیرێت و یان یاریی بازرگانی تێدا بکرێت و یان کرداری کردنی دروستکردنی تێدا بکرێت بێئەوەی ڕسوومات بدرێت لەو شوێنی دانانەکە جاری وا هەیە ڕسوماتیان لەسەر دادەندرێت، ئەم شوێنی لێدادانە بە ناوچەی بازرگانی ئازاد دەچن و یان بە بەندەری ئازاد دەچن، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازیی سەرەکی ئەوەیە کە ناوچەی لێدانان ملکەچی یاساکانی گومرگە لە کاتێکدا ناوچەی بازرگانی ئازاد ملکەچ نین بۆ حوکمە گومرگییەکان، هەروەها بە ناوچە ئازادەکان هەژماردەکرێن ناوچەی تایبەت وەک (کۆمەڵگەی زانست و تەکنەلۆژیا و ناوچەی پترۆکیمیا و کۆمەڵگەی لۆجیستی و ناوچەی فرۆکەخانەکان) و لە کۆتاییدا (ناوچە یان شوێنی سەردانیکردنی پیشەسازی ژینگەیی هەن کە جەخت لە چاککردنی ژینگەیی دەکەنەوە لە ڕووی کەمکردنەوەی پاشماوە و چاککردنی کاری کۆمپانیاکان لە ڕووی ژینگەیی بە زۆری تێگەی دەستەبەری پیشەسازیان بۆ بەکاردێت یان هونەرە سەوزەکان بۆ دەستەبەرکردنی چوستیی هێز و سەرچاوەکان، لەبەر سەرکێشی ژینگەیی توند زۆرێک لە وڵاتان ئەم جۆرە ناوچە نوێیانەیان، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:

Zeng, Douglas Zhihua, Building Engines for Growth and Competitiveness in China: Experience with Special Economic Zones & Industrial Clusters. Washington, DC: World Bank, 2010, pp.2-3.

[٢] ئەوەی شایانی باسە لە ساڵی ٢٠٢١ حکوومەتی هەرێمی کوردستان پڕۆژە یاسایەکی نوێی بۆ وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان ئامادە کردووە، پاش هەوڵدان کۆپییەک لەو پڕۆژەیەمان دەستکەوت، و بۆمان دەرکەوت کەوا هەرچەندە گۆڕانکارییەکی زۆر و چۆنایەتی لە یاسای بەرکار کردووە، بەڵام بۆ ڕێکخستنی ناوچە ئازادەکان لە هەرێم هەمان ڕێچکەی یاسای بەرکاری گرتووە، بەڵام ئەو جیاکارییەی کە لەو پڕۆژە یاسایە هەیە تایبەت بە ناوچە ئازدەکان، دەبین کەوا لە ماددەی یەکەم برگەیەکی تایبەتی تەرخانکردووە بۆ پێناسەکردنی گەشەپیدەری سەرەکی (المطور الرئيسي) بەوەی کە ئەو لایەنەیە کەوا دروستکردن و بەڕێوەبردن گەشەکردنی هەر ناوچەیەکی گەشەسەندن یان ئازاد بگریتەئەستۆ بەگوێرەی ئەو ڕێکارانەی کەوا دەستەی وەبەرهێنان دایاندەنێت.

## سەرچاوەكان بە زمانی كوردی و عەرەبی

### پەرتوكەكان:


- د. دريد محمود السامرائي، الاستثمارات الاجنبية المعوقات والضمانات القانونية ، ط٦، مركز دراسات الوحدة العربية، ٢٠٠٦.
- د. رشاد العصار؛ حسام داود؛ عليان الشريف؛ مصطفى سلمان، التجارة الخارجية، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٠.
- د. زينب حسن عوض الله، الاقتصاد الدولي، ط١، دار الجامعة الجديدة، الإسكندرية، ٢٠٠٧.
- د. سامي عفيفي حاتم، مبادئ اقتصاديات التجارة الدولية، الكتاب الأول، دار المصرية اللبنانية، القاهرة، ٢٠٠٥.
- د. عادل أحمد حشيش، العلاقات الاقتصادية الدولية، ط١، دار الجامعة الجديدة، الإسكندرية، ٢٠١٠.
- د. محمد إسماعيل؛ د. هبة عبد المنعم، دور الإصلاحات الاقتصادية في دعم النمو في الدول العربية، صندوق النقد العربي، ٢٠١٨.
- د. محمد علي عوض الحرازي، الدور الاقتصادي للمناطق الحرة في جذب الاستثمارات، ط١، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ٢٠٠٧.
- محمود حسين الوادي؛ أحمد عارف العساف، الاقتصاد الكلي، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان.


- **توێژینەوەی بڵاو کراوە لە گۆڤارەکان:**

- د. بن علال بلقاسم؛ شعنبي مريم؛ د.بورداش شهر زاد، دور المناطق الحرة في جذب الاستثمار الأجنبي المباشر (حالة الجزائر)، بحث منشور في مجلة نور للدراسات الاقتصادية، مركز الجامعي نور البشير، المجلد: ٠٥، العدد: ٠٢، ٢٠١٩.

- د. عابد فضلية، اقتصاديات المناطق الحرة في سورية، بحث منشور في مجلة جامعة تشرين للبحوث والدراسات العلمية، سلسلة العلوم الاقتصادية والقانونية، المجلد: ٣٠، العدد: ٣، اللاذقية، ٢٠٠٣.

- د. هاورێ كمال محمد، .بدر محمد طاهر مصطفى، الجوانب القانونيه والاقتصاديه لآمكانيه اقامه منطقه الحره فى منطقه ابراهيم خليل فى اقليم كردستان-العراق، قەلای زانست العلميه. مجلد ٦، العدد ٢، ربيع ٢٠٢١.

- د. هشام البساط، تحديث وتطوير القطاع المالي والمصرفي في سورية، ورقة عمل مقدمة إلى (حلقة العمل حول تحديث وتطوير القطاع المالي والمصرفي)، صندوق النقد العربي بالتعاون مع وزارة الاقتصاد والتجارة الخارجية السورية، دمشق، (٤-٧) حزيران/يونيو ٢٠٠١.

- د.مرزيق عاشور، دور المناطق الحرة كشكل من اشكال الاستثمار الاجنبي المباشر في تحقيق التنمية الاقتصادية الاقليمية، بحث منشور في الملتقى الوطني الاول لافاق التنمية الاقتصادية الاقليمية والمكانية في الجزائر، الجزائر، ٢٠١٣.

- زينب عوض الله، دور المناطق الاقتصادية الخاصة في تحقيق التنمية الاقتصادية الإقليمية: فرص وتحديات (التجربة الصينية)، المؤتمر الدولي السابع (التنظيم القانوني لتطوير الاستثمار)، ١٠ أكتوبر ٢٠٢٠، كلية القانون الكويتية العالمية، الكويت، ٢٠٢٠.

- صالح مفتاح، دلال بن سمينة، واقع وآفاق تحديات الاستثمار الأجنبي المباشر في الدول النامية، بحث منشور في مجلة بحوث اقتصادية عربية، المجلد: ١٥، العدد: ٤٣، ٤٤، الصادر من مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٨.

- عبد القادر أحمد حفيظ برهام باعمر؛ إبراهيم فتوح، دور المناطق الحرة في التنمية الاقتصادية في سلطنة عمان (دراسة ميدانية على المنطقة الحرة بصلالة)، بحث منشور في مجلة اقتصاد المال والأعمال، المجلد: ٣، العدد: ٣، ٢٠١٩.

- ماهر صبري درويش، سياسات التوطن الصناعي في الوطن العربي وأثرها على استقرار العمالة، بحث منشور في مجلة كلية بغداد للعلوم الاقتصادية الجامعة، العدد ٣٧، بغداد، ٢٠١٣.

- مجاني غنية؛ لوكال أمال شهرزاد، المناطق الحرة في الجزائر على ضوء تجربة مصر والأردن، بحث منشور في مجلة العلوم التجارية، العدد الخاص الأول، الجزائر، ٢٠١٧.

- مزريق عاشور، دور المناطق الحرة كشكل من أشكال الاستثمار الأجنبي المباشر في تحقيق التنمية الاقتصادية الإقليمية (تجارب مختارة)، الملتقى الوطني الأول (آفاق التنمية الإقليمية والمكانية في الجزائر)، كلية العلوم الاقتصادية والتجارية وعلوم التسيير، جامعة أدرار، ٢٠١٣-٢٠١٤.

**نامه ئەكاديمييەكان:**

- لطيفة بطاهر، النعكاسات الاقتصادية لاقانة المناطق الحرة على الدول النامية، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية العلوم الاقتصادية والتجارية و وعلوم التيسيير، جامعة مستغانم، الجزائر، ٢٠١٤.

- محمد عوض عبده الدبسي، المناطق الحرة الصناعية أداة لتنمية الصادرات مع التطبيق على تجربة جمهورية مصر العربية، رسالة ماجستير غير منشورة، قسم الاقتصاد، كلية التجارة، جامعة المنصورة، المنصورة، ٢٠٠٦.

**یاسا و ڕێنماییەکان:**

- قانون بيع وإيجار أموال الدولة في إقليم كوردستان– العراق رقم (١) لسنة (٢٠٢١).

- قانون المدن الصناعية رقم٢، لسنة ٢٠١٩.

- قانون الاستثمار المصري رقم (٧٢) لسنة (٢٠١٧) المعدل

- قانون الاستثمار الأردني رقم (٣٠) لسنة (٢٠١٤) المعدل.

- قانون الاستثمار في إقليم كوردستان لسنة ٢٠٠٦.

- قانون الهيئة العامة للمناطق الحرة رقم (٣) لسنة ١٩٩٨.

- لائحة (الجماعة الاقتصادية الأوروبية، European Economic Community, EEC)، رقم (٨٨/٢٥٠٤) في (٢٥/تموز/١٩٨٨) بشأن المناطق الحرة والمخازن الحرة

- قانون الكمارك العراقي رقم (٢٣) لسنة (١٩٨٤) المعدل

**بڕیارەکان:**

- قرار رئيس جمهورية مصر العربية بانشاء الهيئة العامة للاستثمار والمناطق الحرة رقم (٢٨٤) لسنة ١٩٩٧.

- قرار رئيس جمهورية مصر العربية بانشاء الهيئة العامة للاستثمار والمناطق الحرة رقم (٢٨٤) لسنة ١٩٩٧.

## سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی

### Jurnals

- Armand Krasniqi, Free Economic Zones from the Legal Perspective in Kosovo, research published in Academic journal of interdisciplinary studies, Vol 4, No2, 2015.

- Dorsati Madani, A Review of the Role and Impact of Export Proccecing Zone, The World Bank Development Research Group Trade, November 1999, Policy Research Working Paper (2238 last visited (24-1-2022)

- FIAS, Special Economic Zones: Performance, Lessons Learned, and Implications for Zone Development, World Bank, Washington, DC., 2008.

- International Labour Organization, Enhancing the Contribution of Export Processing Zones to SDG 8 on Decent Work and Inclusive Economic Growth: A review of 100 zones, first published 2020, Geneva 2020, ISBN 9789220320259.

- Kechichian, E. and M.H. Jeong, Mainstreaming Eco-Industrial Parks: Conclusions from the Eco-Industrial Park 2015 Event in Seoul, Washington, D.C., World Bank, 2016.

- Kenji Omi Extraterritoriality of Free Zones: The Necessity for Enhanced Customs Involvement, WCO Research Paper No.47, September 2019.

- Rauf N Mammadov, Concept of Free Zones and their impact on economic development: lessons from the Middle East, August 7, 2016.

## Books

- M.C. Almeida, Export Processing Zones and the Law of the World Trade Organization, ٢٠١٥
- Meng Guangwen, The Theory and Practice of Free Economic Zones: A Case Study of Tianjin, People's Republic of China.
- Thomas Farole, Special Economic Zones in Africa Comparing Performance and Learning from Global Experiences, The International Bank for Reconstruction and Development, The World Bank, Washington, 2011.
- Farole T. and G. Akinci. 2011. Special Economic Zones : Progress, Emerging Challenges, and Future Directions. World Bank, Washington, DC., 20١١
- World Customs Organization, (Draft) Practical Guidance on Free Zones, Version I, 2020.
- Zeng, Douglas Zhihua, Building Engines for Growth and Competitiveness in China: Experience with Special Economic Zones & Industrial Clusters. Washington, DC: World Bank, 2010.

**الملخص**

المناطق الحرة؛ هي مساحة جغرافية يتم تحديدها ومراقبتها من قبل الدولة، يتم إنشائها إما في البر او في الموانئ البحرية والجوية لتقوم بعدة نشاطات تحقق ايرادات للدولة المضيفة، كما من الممكن ان تستخدم لخزن البضائع التي يتم إستيرادها من الدول الاجنبية والتي سيُعاد تصديرها مرة أخرى او تُستخدم في عملية انتاجية اخرى.

ونتيجة لاهميتها المناطق الحرة في عملية التنمية الاقتصادية ،تم اختيارها موضوعاً لبحثنا إذ سيُركز البحث على الاطار القانوني لإنشاء المناطق الحرة في إقليم كوردستان.

ومن أجل بحث الموضوع من كل جوانبه تم استخدام المنهج التحليلي والمقارن بقصد الوصول الى الاطار القانوني لانشاء هذه المناطق في إقليم كوردستان العراق، كما وتم التوصل الى عدة استنتاجات وتقديم بعض المقترحات. وكاستنتاج مهم هو ان اقليم كوردستان بحكم امتلاكه بيئة مناسبة لانشاء هذه المناطق خاصة في المثلث العراقي- السوري –التركي، الا انه تفتقر هذه المناطق لاطار قانوني يُنظم الاستفادة منها، لذا اقترحنا تشريع قانون جديد للاستثمار في إقليم كوردستان يُنظم عملية الاستفادة من هذه المناطق للنهوض بالواقع الاقتصادي للاقليم.

الكلمات المفتاحية: المناطق الحرة، الاستثمار، رأس المال الاجنبي، مساحة جغرافية .

## Abstract

This research sheds light on the legal framework necessary for the creation of free zones in the Kurdistan Region because of the importance of these zones on the process of sustainable economic development. Of course, free zones are a defined geographical area under surveillance, whether these areas are built in sea mines or air mines or land mines, and in these areas many different commercial activities are carried out that benefit the host country. These zones are also places for restoring goods and these goods are foreign in principle in order to re-export them or to do some necessary work with them. This study used analytical and comparative methods to highlight the legal framework for the creation of these zones in the Kurdistan Region. The study concluded that the Kurdistan Region has a favorable environment for the creation of these zones, especially in the triangle between Iraq, Syria and Turkey, but there is no legal framework to regulate these zones. Therefore, this research recommends that when a new law for investment is formulated these legal frameworks should be taken into account.



Keywords: Investment, Free Zones, Incentives, Foreign Capital, Geographical Area